# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٥٠**

**گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥٠ – گوڵان – ئاوریل ٢٠٢٤**







## دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ تووماج ساڵحی، ئەوپەڕی داماوی دەسەڵاتی ئیسلامی

## ڕاگەیاندنی کۆتایی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە



## ژنانی ئازادیخواز "گەلاڵەی نوور"ی ڕژیمی ئیسلامیش تێکدەشکێنن

**سەروتار**

## لە یەکی ئەیار رۆژی جیهانیی چینی کرێکار پێشوازی بکەین

ئەمساڵ چینی کرێکاری ئێران لە بارودۆخێکدا لە رۆژی یەکی مانگی ئەیار پێشوازی دەکات کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە دیاریکردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردووەتە سەر سفرەی بەتاڵی بنەماڵە کرێکارییەکان. شۆرای باڵای کاری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی لە ساڵی ١٤٠٣دا بە بردنەسەری ٣٥ لەسەد، بۆ ٧ ملیۆن و ١٦٦ هەزار تمەن زیاد کرد. بەپێی بڕیاری شۆرای باڵای کاری ڕژیمی ئیسلامی تەنیا حەقدەستی کرێکارانی مەشموولی یاسای کار بە حیسابکردنی بۆنی خاروبار، کۆمەک هەزینەی مەسکن و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، دەگاتە ١١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن و زۆربەی کرێکارانی ئێران کە یاسای کار نایانگرێتەوە، ئەم لانیکەمەش وەرناگرن. دیاریکردنی ئەم ئاستەی حەقدەست لە کاتیکدایە کە لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی کرێکاران کە خەرجی خۆراک و پۆشاک و دەرمان تا کرێی ماڵ و خەرجی هاتوچۆ و ئاموزش و تەفریح و ... لەخۆ دەگرێت بەشێوەی بەرچاو زیادیان کردووە.

شۆرای باڵای کاری ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران بە داسەپاندنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری و بە یاساییکردنی هێرش بۆسەر ئاستی ژیان و سفرەی بێ ڕەونەقی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا لەڕاستیدا ئاکامی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و وەرشکستەبوونی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی خستووەتە سەر شانی کرێکاران. ئەم قەیرانە

ئابوورییە لە بارودۆخێکدایە کە دەزگای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش فشاری درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و فشاری مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەری و بەتایبەت لەدوای شکستی سەرشۆڕانە لە ئینتخاباتی نمایشی مانگی رەشەممەی رابردوو، لەگەڵ قەیران و ئاڵوزی زیاتری ناوخۆیی بەرەورووو بووەتەوە. رژیمی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی نۆژنکردنەوەی ئابووری قەیراناویی خۆی لە بارودۆخی ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نییە. قەیران و سەرلێشێواویی رژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای یەکدەستکردنی سێ دەزگای دەسەڵات و چڕبوونەوەی هێز لەناو دەستی کادری رێبەریی سپای پاسداران هەروا درێژەی هەیە. سەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە چینی کرێکار بۆ بەچۆکداهێنانی رژیم خاوەنی چ توانایەکی مەزنە.

لەئێستادا کە لە یەکی مانگی ئەیار، رێکەوتی ١٢ی گوڵان، رۆژی هاوپشتیی ئەنترناسیۆنالیستیی کرێکارانی جیهان نزیک دەبینەوە، پێویستە کرێکارانی کۆمۆنیست و پێشڕەو لەم پێگە و هێزەی خۆیان تێ بگەن و رێگە نەدەن سەرمایەداری ئێران و رژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێ دانان لەسەر شانی چینی کرێکار، خۆی لەم قەیرانە سیاسییە دەرباز بکات و بە قیمەتیماڵوێرانی و بەفیڕۆدانی ژیانی ملیۆنان بنەماڵەی کرێکاری، قازانجی سەرمایەکانی دابین بکات.

بارووودۆخی ئێستا، و دەستدرێژییەکی وەحشیانە کە چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دژبە ژیان و گوزەرانی کرێکاران رێکیخستووە، چینی کرێکار بۆ یەکگرتوویی و هاوپشتی، بۆ نمایشی شکۆداری دەسەڵاتی چینایەتی بەرامبەر بە سەرمایەرداران و دەوڵەتەکەیان لە رۆژی ئەوەڵی مانگی مەیدا بانگەشە دەکات. لە سەروبەندی یەکی ئەیاردا پێویستە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی دەست بردن بۆ تاکتیکی مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری و راگرتنی چەرخی بەرهەمهێنان بەشێوەی جیددی لەناو کۆڕ و کۆبوونەوە کرێکارییەکاندا گەڵاڵە بکرێت و بدرێتە بەر باس و لێکدانەوە. ئەوە راستە کە رێکخستنی مانگرتن و نارەزایەتی سەرتاسەری پێویستی بە رێبەریی سەرتاسەری هەیە. بەڵام هەموو دەزانین کە لە جەرگەی مانگرتنی شکۆداری کرێکارانی حەوت تەپە و مانگرتنی سەرتاسەری کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی، لە جەرەیانی خەباتی کرێکارانی رێگەی ئاسن، مەعدەنەکان، شارەدارییەکان و باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، و لە جەرگەی رێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەری مامۆستایان و خانەنشینان،



رێبەرانی بەتوانا و بەئەزموون لە کوورەی داغی ئەم مانگرتنانەدا و لە جەرەیانی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە گشتییەکاندا پەروەردە بوون و هاتنە مەیدان. ئەم رێبەرانە کە لەگەڵ ناوەندە داغەکانی خەبات پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان هەیە دەتوانن نارەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری رێک بخەن. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەم رێبەرانە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و پەیوەندی و هاوکارییەکانیان جێ بخەن. مانگرتنی سەرتاسەری و راگرتنی چەرخی بەرهەمهێنان کاریگەرترین و براوەترین تاکتیکی خەباتکارانەی چینی کرێکار لە ئێستادایە. چینی کرێکار لە بارووودۆخی ئێستادا بەبەکارهێنانی چەکی مانگرتنی سەرتاسەری دەتوانێ خواستە خێراکانی خۆی بەسەر دەوڵەت و سەرمایەداراندا بسەپێنێت و پێشڕەوی بزووتنەوەی جەماوەری و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زەمانەت بکات.

بەڕێوەبردنی شکۆداری یەکی ئەیار لە بارووودۆخێکدا کە کۆمەڵگا پێی ناوەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، دەتوانێ کاریگەری دایمی لەسەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا دابنێت. هەربۆیە پێویستە نەتەنیا هەڵسووڕاوانی کرێکاری بەڵکوو چالاکانی سۆسیالیست و پێشڕەوانی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی خوێندکاریش بۆ هەرچی شکۆدارتر کردنی ئەوەڵی یەکی ئەیار، قۆڵی هیمەت هەڵماڵن.

چینی کرێکار لەم رۆژەدا نەتەنیا دەبێت ئاڵای داخوازییە خێراکانی بەرز بکاتەوە بەڵکوو پێویستە ئیدیعانامەی خۆی دژبە نیزامی سەرمایەداری راگەیەنێت و زەرفییەت و توانای خۆی بۆ رێبەری خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران نیشان بدات. چینی کرێکار لەم رۆژەدا بە بەرزکردنەوەی درووشمی ئازادی و بەرابەری، رزگاری ژن لە ستەم و هەڵاواردنی رەگەزی و رەزگاری نەتەوە و ئایینەکان لە چنگ زوڵم و ستەم، هەنگاوێکی گەورە بەرەو پەیوەند و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە رادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگرێت. هەربۆیە رۆژی یەکی ئەیار، رۆژی نارەزایەتی دژبە زیندانی کردنی رێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری و رۆژی خەبات بۆ ئازادی دەستبەجێی گشت بەندکراوانی سیاسییە. رۆژی تێکۆشان لەپێناو بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانییە. ئەم رۆژە رۆژی خەبات بۆ ئازادی پێکهێنانی رێکخراو و مانگرتن، رۆژی هەوڵ و چالاکی دژبە بێکاری و بێکارکردن، رۆژی خەبات بۆ بیمەی بێکاری موکەفی بۆ بێکاران و گشت کەسانی ئامادە بەکارە! ئەم رۆژە رۆژی مەحکووم کردنی کاری منداڵان و داکۆکیکردن لەمافی منداڵانە! رۆژی مەحکووم کردنی کوشتاری کۆڵبەران و سووختبەرانە. رۆژی دەرکردنی ئەو بڕیارنامانەیە کە گشت داخوازییەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و رێفاهی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و منداڵان لەخۆدەگرن!

رێورەسمەکانی ئەوەڵی مانگی ئەیار پێویستە بەشێوەی سەربەخۆ، واتە سەربەخۆ لە شانۆ فەرمایشییەکانی خانەی کاریگەر و باقی ئۆرگانە دژەکرێکارییەکانی رژیم بەڕێوەبچن. بێگومان هەڵسووڕاوان و رێکخەرانی مەحەلی باش دەزانن کە چۆن ریزە سەربەخۆکانیان بپارێزن. بەڵام گونجاوترین و کاریگەرترین رێورەسمەکان، ئەو رێورەسمە جێگیر و رێکخراوانەن کە بەشێوەی بەرین لە ناوەندی شارەکاندا بەڕێوە دەچن. بەڵام لەراستیدا ئەم رێورەسمانە بەم تایبەتمەندییانەوە بەڕێوە ناچن، مەگەر بە بەشداری بەرین و پڕگوڕوتینی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و بنەماڵەکانیان، بە پێشەنگبوونی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو و بە هاورێیەتی ئەو ئینسانە شەریفانەی کە دژی چەوسانەوەن و ئاواتی بەرابەریی مرۆڤەکانیان لە دڵ دایە.

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆتایی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٨، لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٢٥ و ٢٦ی مانگی خاکەلێوە بەرابەر بە ١٣ و ١٤ی ئاپریلی٢٠٢٤ بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاودێر بەشداربوون، بەڕێوەچوو. پلێنۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتیی جیهانی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کار کرد. ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە بە پلێنۆم، ڕاپۆرتی تەشکیلاتی کۆمیتەکان و ئۆرگانە تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە و ڕێکخستن و دابەشکردنی کاری ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە دەستووری



جەلەسەکانی ئەم پلێنۆمە بوون.

کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوەچوو کە شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە پێی ناوەتە مانگی حەوتەمی خۆیەوە. حکوومەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانەی کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە نەیتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی دەستەبەر بکات. هەر بۆیە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەتر ئەم شەڕە بەڕێوە دەبات. لەم ماوەیەدا کابینەی جەنگی ئیسرائیل تاکتیکی زۆرترین وێرانکاری و کوشتنی گرتووەتە بەر کە ئەمەش نیشانەی چەقبەستوویی و بێدەسەڵاتی حکوومەتی ئیسرائیلە. ئەم شەڕە وێرانکەرە جگە لەوەی تێچووی زۆری بۆ ئیسرائیل هەبووە، قەیرانی ناوخۆی حکوومەتەکەی نەتانیاهۆی پەرەپێداوە و ئاستی ڕق و کینە و بێزاری بەرامبەر بە حکوومەت لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل زیاتر کردووە. نارەزایەتی و گوشاری بیروڕای گشتی لە سەرانسەری جیهان بەرامبەر بە جینۆساید لە غەززە بە شێوەیەکی کاریگەر فشاری خستووەتە سەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ و دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئورووپا کە پشتیوانی ئەم تاوانە دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە تاقمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی حەماسیش بە هۆی خەسارێکی زۆر کە لە سەرکردایەتی و بەدەنە و ژێرخانەکانی ئەم ڕێکخراوە دراوە کەوتووەتە بنبەستەوە و هێرشە موشەکییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر ئیسرائیل تا ئێستا نەیتوانیوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هاوسەنگی هێز بەقازانجی بەرژەوەندی حەماس پێکبهێنێت. کۆماری ئیسلامیش نەک هەر نەیتوانیوە بەشێوەی کاریگەر یارمەتی حەماس بدات، بەڵکوو هێز و بنکە سەربازییەکانی و لەم دواییانەدا کونسوڵخانەی ڕژیم لە سووریەش لەلایەن ئیسرائیلەوە هێرشیان کراوەتە سەر. وەها بنبەستێک نیشانی دەدات کە قۆناغی پروپاگەندەی ڕژیمی ئیسلامی و ڕەوتەکانی سەربە ڕژیم لەژێرناوی "میحوەری موقاوەمەت" و شەڕی نیابەتی کۆتایی هاتووە.

لەم نێوەندەدا خەڵکی ستەملێکراو و بێ بەرگریی غەززە کە قوربانی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیلن و ماڵەکانیان بەسەریاندا وێران دەبێت و برسی و ئاوارە بوون، خوازیاری ئەوەن کە ئەم شەڕە تاوانکارانەیە بە زووترین کات کۆتایی پێبێت. ئەو خەڵکەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لە داگیرساندنی ئەم شەڕەدا نەبووە بۆچی دەبێ بەهاکەی بدەن؟ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین نە بە هیواداربوون بە ڕەوتە کۆنەپەرست و تیرۆریستە ئیسلامییەکان و نە بە دەوڵەتانی عەرەب و باقی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری، بەڵکوو تەنها بە هێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی خۆیان و بە پشتیوانی هاوچینەکانیان لە ئیسرائیل و ناوچەکە و سەرانسەری جیهان دەتوانن هاوسەنگی هێز بەقازانجی خۆیان بگۆڕن و کۆتایی بەم شەڕە وێرانکەرە و قاتی و برسیەتی بێنن.

شکستی سەرشۆڕانەی ڕژیمی ئیسلامی لە شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوڕا و مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری، میحوەرێکی دیکەی باسەکانی پلێنۆم بوو. زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران وشیارانە بەشداری ئەو نمایشەیان نەکرد و بۆ جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورەیان بە گشت حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وت. بەوتەی خودی ڕژیم و میدیاکانی دیکەی ناوخۆیی و دەرەکی، ڕێژەی بەشداری لەو هەڵبژاردنە لە هەموو ساڵانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەمتر بووە. لە پارێزگاکانی کوردستان و سیستان و بەلوچستان زیاتر لە سەدا هەشتا و پێنجی خەڵک بەشداری ئەم شانۆیەی ڕژیمیان نەکرد. ڕاگەیاندنی ئاشکرای بەشداری نەکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایان، خانەنشینان و خوێندکاران و باقی ناوەندەکان و تەنانەت هێندێک لە ئوسوولگەرا و ئیسلاح تەڵەبەکان لە نمایشی نینتخابات، نیشانەی ئاڵوگۆڕ لە فەزای سیاسیی کۆمەڵگا و هاوسەنگی هێزە بە قازانجی بەرەی کرێکاران و جەماوەری خەڵک.

سەپاندنی ئەم شکستە شەرمەزارکەرە بەسەر کۆماری ئیسلامی بەشێک لە تۆڵە سەندنەوەی خەڵکی ئێران بوو بەخاتری جەنایاتێک کە کۆماری ئیسلامی لە جەریانی بزووتنەوەی ژینادا ئەنجامی دا. خەڵک لەم ڕێگەوە بۆ جارێکی دیکە نیشانیان دا کە ئەم نیزامە گەندەڵە بەلایانەوە هیچ مەشرووعیەتێکی نییە. ئەم شکستە قورسەی ڕژیم ئاکامی پەرەسەندنی قەیرانەکان و بەرهەمی کردەوەی وەحشیانەی ڕژیم بەرامبەر لاوان بەتایبەت ژنان بوو. ئاکامی پەرەسەندنی تووڕەیی و بێزاری خەڵک لە کۆماری ئیسلامی بەخاتری سیاسەتی شەڕخوازانە و دەستتێوەردانی پرهەزینەی ڕژیم لە وڵاتانی ناوچەکە بوو. بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئەمە سەرکەوتنێک بوو بەسەر حکوومەتی ئیسلامیدا کە دەتوانێ ببێتە سەنگەرێک بۆ پێشڕەوییەکانی داهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە. بێگومان بەشداری نەکردنی بەرینی خەڵکی کوردستان لەم نمایشە ئینتخاباتییە، نیشانەی ئەو واقیعەتە بوو کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان وەک پایەکی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێرانە لە




ئاستی سەرتاسەری، خاوەنی وەها توانایەکە کە هەرکات پێویست بێت دەتوانێ هێزی بزوێنەر و ڕێکخراوی خۆی بێنێتە مەیدان.

لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕێبەری و باسە پەیوەندیدارەکاندا جەخت لەوە کرایەوە کە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە یەکێک لە بێبەشترین ناوچەکانی ئێرانە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان هەروەک هاوچینەکانیان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە بارودۆخێکی یەکجار فەلاکەتباردا بەسەر دەبەن. ئاستی بەرزی هەژاری و بێکاری بووەتە هۆی ئەوەیکە دەیان هەزار لاوی کوردستان کە بە ئیعترافی کاربەدستانی ڕژیم زیاتر لە ٥٠%یان دەرچووی زانکۆن، بۆ دابینکردنی خەرجی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان جادەکانی مەرگ بگرنە بەر و ڕوو بکەنە کۆڵبەری. کۆڵبەران لەڕاستیدا هێزی کاری هەرزان و ئەجیرکراوی بازرگانان و دەڵاڵانی سەرمایەدارن کە بەتوندی دەچەوسێنەوە. بەم حاڵەشەوە ساڵانە سەدان کەسیان بە تۆمەتی قاچاخچی و تێکدانی نەزمی ئابووری، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕژیمەوە تەقەیان لێدەکرێ و بەهۆیەوە گیانیان لەدەست دەدەن یان بریندار دەبەن. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە کرێکاران و توێژە

هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە کوردستان، دەستبەرداری نیزامی ئیسلامی نەبوون. چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشەنگەکانی دیکەی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی سەرتاسەری ئێران لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.

ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی نەورۆز و دەربڕینی خۆشی لە شار و گوندەکانی کوردستان لەئاستی دەیان هەزار کەسی، میحوەرێکی دیکەی باسەکانی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. لەم ڕێوڕەسمانەدا ژنان شان بە شانی پیاوان و بە بێ بایەخدان بە یاسای حیجابی زۆرەملێ دەستیان کرد بە دەربڕینی خۆشی و سەما و هەڵپەڕین. بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمانە هێمای درێژەدان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بەشێک بوو لە دڵخۆشی خەڵک بە بۆنەی شکستی کۆماری ئیسلامی لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی خۆیان. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ئاستێکی وەها بەریندا نیشانەی ڕێکخراوبوون و شێوازێک لە ڕێبەرییە کە بەسەر حکوومەتی ئیسلامیدا سەپێندرا و ڕژیم لە بەرامبەریدا بێجگەلە نەرمش ڕێگایەکی تری نەبوو. هەموو هەوڵی ڕژیم ئەوە بوو کە ئەم ڕێوڕەسمانە سیاسی نەبنەوە. لە زۆر شوێن لاوان بە وتنەوەی دروشمی سیاسی و بە سروود و بە بەرزکردنەوەی دەسماڵ و پارچەی سوور وەک هێمای چەپ و شۆڕشگێڕ، بەم مەراسمانە ڕەنگ و بۆی سیاسی و دژەڕژیمیان دا. ڕێوڕەسم و جەژن و هەڵپەڕکێی



نەورۆزی لەماوەی یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا نیشانی دا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە بڕبڕەی پشتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستانە، بۆ خستنە ژێر پرسیاری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی خاوەنی چ پۆتانسیەل و توانایەکی بەرینە. پێویستە هاوڕێیانمان لە ناوەوە لە داهاتووشدا بۆ بەشداریکردن و کاریگەریدانان و ئاراستەپێدان بەم ڕێوڕەسمانە زیاتر ئامادە بن.

پلێنۆم لە بەشێکی تر لە باسەکانیدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری لە کوردستانی عێراق دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دۆخی قەیراناوی ئەم ناوچەیە و پەرەسەندنی بێکاری، گرانی و دواخرانی حەقدەست و مووچەی کرێکاران و کارمەندان ژیان و گوزەرانی خەڵکی تووشی دژواری کردووە. کۆماری ئیسلامی بەو کاریگەرییەی لەسەر حکوومەتی ناوەندی عێراق هەیەتی و بە کەڵک وەرگرتن لەو میکانیزمە دەستکردانەی کە لەڕێگەی ڕەوتە شیعەکانی سەر بە خۆی پێکیهێناوە، دەیەوێت هەرجۆرە بەربەستێک لەسەر ڕێگای پێشخستنی بەرنامەکانی لە کوردستان لابەرێت. هەتا ئێستا "دادگای فیدراڵی" وەک ئامرازێک بۆ بێدەسەڵاتکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە. ئەم "دادگا"یە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە ئامانجی بە بنبەست گەیاندنی حکوومەتی هەرێم، چەندین حوکمی دەرکردووە. حکوومەتی ناوەندی سەربە کۆماری ئیسلامی لە عێراق بە بڕینی ناوبەناو و بە دواخستنی مووچەی کارمەندانی کوردستان و بە بارمتەگرتنی نان و بژێویان، نارەزایەتی خەڵکی پەرەپێداوە و ناکۆکی و گرژییەکانی لەنێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان توندتر کردووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتانی تورکییە و کۆماری ئیسلامی بە بۆمباران و مووشەکبارانی بەردەوام و بە دەستدرێژی نیزامی و داگیرکردنی بەشێک لە سنوورەکان، جگە لەوەی زیانی زۆریان بە خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچانە گەیاندووە حکوومەتی هەرێمیان تەحقیر کردووە و سەروەریی ئەم دەسەڵاتە لەبەرچاو ناگرن. دەستێوەردانە سیاسی و سەربازییە ئامانجدار و بە ئەنقەستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی تورکییە لە کوردستانی عێراق، گرژی و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی زیاتر کردووە. ئەزموونی کوردستانی عێراق بەڕوونی دەریخست کە لە سیستمی فیدراڵیدا کە لەسەر بنەمای پەرلەمان دامەزراوە، بەخاتری ئەوەیکە ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵات، لەوانە ئابووری و هێزی ئەرتەش و دیپلۆماسی، لە دەستی حکوومەتی ناوەندا دەمێننەوە، هەرکات حکوومەتی ناوەندی ئیرادە بکات دەتوانێ لەڕێگەی ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر گوشارەوە. پەرلەمانی کوردستان لەماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا شوێنی مانۆڕی لایەنە سیاسییەکان بووە و ئامرازی دوور ڕاگرتنی جەماوەری خەڵک لە بەشداری لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بووە. لەم ڕووەوە پێویستە هاوڕێیانی ئێمە و هەڵسووڕاوانی دیکەی چەپ و کۆمۆنیست بە بانگەشە و ڕۆشنگەری سەبارەت بە ئاڵتێرناتیڤی شۆرایی بەرامبەر بە سیستمی پەرلەمانی، هەوڵ بدەن هۆگرایەتی کۆمەڵایەتی زیاتر پەرەپێبدەن و لەئاستی کۆمەڵگادا بیکەنە وتارێکی زاڵ. "شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان" هەتا ئێستا لەم پێوەندەدا دەورونەخشی نواندووە و هەوڵ و تێکۆشانی لەم پێناوەدا بەردەوام دەبێت.

لە کوردستانی سووریەش دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بە داگیرکردنی گشت کانتونی عەفرین و چەندین ناوچەی دیکە لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستانی سووریە لەوانە جەرابلوس، ئەلباب، ئەعزاز، گرێ سپی و سەری کانی لە هەوڵی ئەوەدایە کە "حکوومەتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا" لەناو ببات. هێزە داگیرکەرەکانی تورکییە و بەکرێگیراوە چەکدارەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکان دەست دەدەنە کوشتار و باج وەرگرتن و تاڵانکاری. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە بۆمبارانی بەردەوام، ژێرخانەکانی خزمەتگوزاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی "دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا"ی



لەناوبردووە و بەردەوام هەڕەشە لەم دەسەڵاتە دەکات کە هێرش و داگیرکارییەکانی پەرەپێدەدات. بوردومانی شار و گوندەکانی کوردستانی سووریە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی ئەردۆغان لە کاتێکدایە کە هێزە ئەمریکاییەکانی بەناو هاوپەیمان لەگەڵ دەسەڵاتی ڕۆژئاوا و هێزەکانی ڕووسیەی نیشتەجێ لە باکووری سووریە کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیان لە ئیختیاردایە. بەڵام لەئاست ئەم هێرشانەدا هیچ کاردانەوەیەکیان نییە و تەنانەت بۆ هێرشکردنی دەوڵەتی تورکییە چرای سەوزیش نیشان دەدەن. هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە سیاسەتە فاشیستییەکانی حکوومەتی ئەردۆغان لەم ماوەیەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی "دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا".

کردەوەی سیاسی و نیزامی یەک ساڵی ڕابردووی دەوڵەتانی تورکییە، عێراق و کۆماری ئیسلامی لەئاست هەرێمی کوردستان و "حکوومەتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا" ئەو واقعیەتە نیشان دەدات کە ئەوان و حکوومەتی سووریە، سەرەڕای هەر ئاستێک لە ناکۆکی و دوژمنایەتییان لەگەڵ یەک، هەر هەموویان دژی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی ناوچەیی خەڵکی کوردستان لەوانە فیدراڵی، خۆبەڕێوەبەرایەتی، خودگەردانی و شێوازەکانی دیکەن لە هەر بەشێکی کوردستان. لەم بوارەدا ساڵەهایە پەیوەندی، کۆبوونەوە، هاوکاری و هاوئاهەنگی بەرچاو لە نێوانیاندا لەئارادایە. خەڵکی کوردستان لە عێراق و سووریە لەوەیکە دەوڵەتانی هەرێمی کوردستان و "خوبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا" هەتا ئێستا ناویان ناوە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە، هیچ قازانجێکیان پێ نەگەیشتووە. دەسەڵاتی ئەحزاب و هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە

چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی و پەرلەمانی، لە باشترین حاڵەتدا ڕێگایەک بۆ بەشداریی ڕێبەرانی ئەم حیزبانە لە دەسەڵاتدایە و ناتوانێ ستەمی نەتەوەیی چارەسەر بکات. ئەزموونی کوردستانی عێراق لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕاستییەی بە باشی دەرخستووە. لە بەرامبەردا دەسەڵاتی شۆرایی و بەرەسمی ناسینی مافی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کە لە ستراتێژی کۆمەڵەدا تەئکیدی لەسەر کراوە، دەتوانێ لەم بوارەدا وڵامدەرەوە بێت.

دووهەمین دەستووری جەلەسەی پلێنۆمی شەشی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕاپۆرتی ئۆرگانە تەشکیلاتییەکان بوو. لەم بەشەدا پلینۆم لێکۆڵینەوەی لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکان کرد، کە لەلایەن بەرپرسانی ئۆرگانەکانەوە پێشکەش بە پلینۆم کرا. هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە پێناو بەرەوپێشبردنی کار و چالاکی هەرکام لە ڕێکخراوەکان، تێڕوانین و ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان خستەڕوو. پلێنۆمی شەشی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە بەشی کۆتاییدا دابەشکردنی کار و ڕێکخستنی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتدا ئەنجام دا. پلێنۆم وێڕای هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەریی٥ کەسی بە مەبەستی هیدایەتی تەشکیلات لەماوەی دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، هاوڕێ حەسەن شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژارد.

بەو پێیەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لە سەروبەندی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا بەڕێوەچوو، پلێنۆم وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی کرێکار، ئەم هێمایەی هاوپشتیی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستی، وێڕای ستایشی هەوڵی ماندووبینەناسانەی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران، هەموو هاوڕێیانی کرێکاری بانگهێشەی ئەوە کرد کە بە هەر شێوازێک بۆیان دەگونجێ ڕێوڕەسم و ئاکسیۆنەکانی یەکی ئەیار بەڕێوە بەرن. کۆمەڵە لە کرێکارانی کوردستان داواکارە کە لە هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی سەرتاسەری ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی ئیدیعانامە دژبە نیزامی سەرمایەداری و گەڵاڵەکردنی داخوازییە خێراکانیان، هەڵوێستی لێبڕاوانەیان دژی شەڕخوازی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، دژی هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و دژی شەڕ بەرامبەر بە ژنان ڕاگەیەنن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٣١ی خاکەلێوەی١٤٠٣

١٩ی ئاپریلی ٢٠٢٤

***

# دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ تووماج ساڵحی، ئەوپەڕی داماوی دەسەڵاتی ئیسلامی

بەدوای دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ توماج ساڵحی هونەرمەندی بوێر و ناڕازی، تووڕەیی لە دژی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا تەشەنەی کردووە. ڕۆژی چوارشەممە ٥ی مانگی گوڵانی ١٤٠٣ بەرابەر بە ٢٤ی ئاپریلی ٢٠٢٤ ئەمیر ڕەئیسییان، پارێزەری توماج ساڵحی سەبارەت بە حوکمی ئێعدامی ناوبراو ڕایگەیاند: "لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئیسفەهان، لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا، حوکمی دیوانی باڵای وڵاتی سەبارەت بە دۆسیەی ساڵی ١٤٠١ی توماج ساڵحی جێبەجێ نەکرد و بە "ئیرشاد" پێناسەکردنی ئەم حوکمە و بە پێداگری لەسەر سەربەخۆبوونی دادگای سەرەتایی، توماجی ساڵحی بە تۆمەتی(مفسد فی



الارض) بە توندترین سزا واتە ئێعدام مەحکووم کرد". ئەو لە درێژەدا وتی: "دەرکردنی ئەم حوکمە بۆ توماج لە کاتێکدایە کە پێشتر هەر ئەو لقە، بەربڵاویی تۆمەتی افساد فی الارضی ئاشکرا نەکردبوو. بەڵام خاڵی سەیر لەوەدا بووە کە دادگای سەرەتایی، بێجگە لە سزای سێدارە، هەندێک سزای دیکەشی لەبەر چاو گرتووە و توماجی بە دوو ساڵ قەدەغەی ڕۆیشتنە دەرەوە لە ئێران، ٢ ساڵ قەدەغەی چالاکی هونەری و بەشداری لە کلاسەکانی مودیرەیەتی ڕەفتار و مەهارەتی دانشی دادگوستەری ئیسفەهان مەحکووم کردووە".

ئەم حوکمە جەنایەتکارانەیە لە حاڵێکدا دەرکراوە کە توماج ساڵحی لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠١ و هاوکات لەگەڵ ئاخێزی سەراسەری ژن، ژیان، ئازادی دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کرابوو و لە کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٢دا ئازاد کرا. بەڵام ناوبراو لە ڕۆژی ٩ی مانگی سەرماوەزدا کەمتر لە دوو حەفتە دوای ئازادکرانی لە زیندان بە "تاوان"ی باسکردنی بەسەرهاتی زیندان بۆ جارێکی تر دەستبەسەرکرایەوە.

ئەم ناتەباییە "سەیر" و ئاشکرایانە لە حوکمی دەرکراو بەدژی تووماج نیشانەی ئەوەیە کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بەر لەوەیکە حوکمێکی یاسایی دژبەم هونەرمەندە ناڕازییە و دژبەم زیندانییە سیاسییە بێت، حوکمێکی سیاسییە و بەر لەوەیکە توماجی کردبێتە ئامانج، جەماوەری ڕاپەڕیوی سەر شەقامی کردووەتە نیشانە. واتە ئەو جەماوەرەی کە توماج دەنگی ڕەسای تووڕەیی و ناڕەزایەتی ئەوان بوو. ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ توماج دەیهەوێ جەماوەری ناڕازی سەر شەقامەکان چاوترسێن بکات. چونکە گەرووی تینووی ئازادی توماج دەنگی ناڕەزایەتی ئەوان دژبە سفرەی بەتاڵیان و دژبە نایەکسانی و هەڵاواردنی بوو.

دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ توماج درێژەی مەنتقی هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران، درێژەی هێرش بۆسەر ژنان لەژێرناوی "تەرحی نوور" و درێژەی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی ناوچەکەیە. واقیعەت ئەوەیە کە سەرەڕای دروشمی بێناوەڕۆکی ڕژیم سەبارەت بە نابوودی ئیسرائیل، سیاسەتی ستراتێژک و دوکتورینی "هێرشی بەرگرانە" یان "شەڕی خۆپارێزی" لەڕێگەی هێزەکانی میحوەری موقاومەتەوە گەیشتووەتە بنبەست. ئەگەر سەردەمانێک سەرانی ڕژێم لەو باوەڕەدا بوون کە بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی نیزامی ئیسلامی دەبێ لە لۆبنان، سووریە و عێراق بەشەڕ بێن، لەئێستادا بەوە گەیشتوون کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ئیسلامی دەبێ شەڕ لە بەرەی ناوخۆییدا پەرەپێبدەن. دەبێ لەگەڵ ژنانی بێ حیجاب لە شەقامەکانی تاران، لەگەڵ خانەنشینان و کرێکارانی مانگرتووی فووڵادی ئەهواز و لەگەڵ زیندانیانی سیاسی بەشەڕ بێن. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ناتوانێ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بزووتنەوەی نان و کار و ئازادی کە ڕیشەی لە حەقیقەتە ماددییەکاندایە، خامۆش بکات. سکی برسی، سفرەی بەتاڵ و گەرووی تینووی ئازادی هەموو ڕۆژێ ئەم پێویستییەی ژنان بە دەنگی بەرزدەڵێتەوە.

بێگومان ڕژیم بە پەرەپێدانی شەڕ لە بەرەی ناوخۆیی دژبە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، خۆی لە لێواری هەڵدێر نزیکتر دەکاتەوە. ئەمجارە دروشمی سزای سێدارە دەبێ هەڵوەشێتەوە، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، بەهێزتر لە ڕابردوو لە ناوەوە و لە بەرامبەر زیندانەکان و ئەشکەنجەگاکانی ڕژیم هاوار دەکرێت. جەماوەری ڕاپەڕیو بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی یەکگرتووانە و یەکپارچە لە بەرامبەر زیندانەکان و بە وتنەوەی دروشمی سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ، ئازیزانیان لە زیندانەکان ڕزگار دەکەن.

ژنان و پیاوانی تێکۆشەر و ئازادیخواز کە لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا سێ ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکارییان ئەزموون کردووە باش دەزانن کە ئەوە هۆکار و خولقێنەرانی ئەم بارودۆخەن کە دەبێ زیندانی بکرێن. ئەو کەسانەی کە بۆ ڕۆڵەکانی خەڵک،

بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی توماج پەروەندەسازی دەکەن، دەیانخەنە زیندان و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەو کەسانەی کە جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکوژن و لە گۆڕە بێ ناو و نیشانەکاندا دەیاننێژن. واتە ئەو کەسانەی کە سەروەتی کۆمەڵگا و بەرهەمی چەوساندنەوەی کرێکاران تاڵان دەکەن و ڕەنج و بێبەشی و بێمافی بێسنوور بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. دوور نییە ئەو ڕۆژەی پایەکانی تاوان و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بڕووخێت و سەران و کاربەدەستانی تاوانکاری ئەم ڕژیمە لە دادگاکانی خەڵکیدا لەبەرچاوی هەمووان موحاکەمە بکرێن و سزای تاوانەکانیان وەربگرن.

***

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار

نا بۆ شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی، نا بۆ هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران، نا بۆ شەڕ دژبە ژنان، بەرەو گەشەپێدانی خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران

چینی کرێکاری ئێران لە کاتێکدا لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتیی جیهانی کرێکاران نزیک دەبێتەوە کە ساڵێکی پڕ لە جموجۆڵ و مانگرتن و نارەزایەتی تێپەڕاندووە. بەپێی ئاماری سایت و ناوەندە باوەڕپێکراوەکان کە هەواڵی کرێکاران ڕووماڵ و تۆمار دەکەن، لە سێ مانگی پاییزی ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٤٦٠ مانگرتن و گردبوونەوەی نارەزایەتی کرێکاری بەڕێوەچووە. لانیکەم لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەی مامناوەند زیاتر لە ٢٠٠٠ مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری لە سەرانسەری ئێران ڕووی داوە. ئەم ڕەوتە ڕوو لە گەشەیەی خەباتی کرێکاری کە سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی لە ناوەڕاستی دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە دەستپێکردووە و درێژەی بووە، ڕیشەی لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێراندایە. شەپۆلی بەرینی کۆچکردنی زەحمەتکێشان و بەشمەینەتانی گوندەکان بەرەو شارەکان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوو بەهۆکاری وشکەساڵی یەک لە دوای یەک و سیاسەتی دژی ژینگەی ڕژیمی ئیسلامی، نیشتەجێ بوونیان لە پەراوێزی شارەکان کە بێجگەلە فرۆشتنی هێزی کار هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی ژیانیان نەبوو، ژمارەی کرێکارانی ئێرانی زیاتر لە دوو هێندە کردووە. لەلایەکی دیکەوە ڕەوتی گەشە و پەرەستاندنی سەرمایەداریی ئێران سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئیداری دەسەڵاتدار بۆی پێکهێناوە و درێژەی ڕەوتی سەنعەتی بوون، ژمارەی کرێکارانی ناوەندە سەنعەتییەکانی چەند بەرابەر کردووە. ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە لەلایەکەوە و سیاسەتی دژەکرێکاری و هێرشی ڕێکخراوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک خاوەنکاری گەورە و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوو بۆ هەرزان کردنی هێزی کار لەلایەکی دیکەوە، بەستێنەکانی ئەم بزووتنەوە مەزنەی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکارانی لەماوەی پتر لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا پێکهێناوە. ئەگەر گەشە و سەقامگیربوونی موناسباتی سەرمایەداری لە دەیەی چلی هەتاوی و دوای ڕیفۆرمی ئەرزی ڕەنگدانەوەی خۆی لە ڕۆڵی چینی کرێکاری ئێران لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا نیشان دا، ئاڵوگۆڕەکانی سێ دەیەی ڕابردوو و ڕەوتی گەشەی موناسباتی سەرمایەداری و سەنعەتی بوون لەئێستادا خۆی لە جموجۆڵی چەند بەرابەر بەهێزتری بزووتنەوەی کرێکاریدا نیشان دەدات. ئەم خەباتە ئابوورییەی کرێکاران گەلێک جار بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات دژی بەتایبەت کردن، دژی یاسای حەقدەست، دژی شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیم، دژی گەڵاڵەی بوودجە، ئاوێتەی خەباتی سیاسی بووە. ئەم بزووتنەوە مەزنەی مانگرتن هێزی یەکگرتوویی بە کرێکارانی نیشان داوە، فێریانی کردووە کە بەرەنگاری دەوڵەت و سەرمایەداران ببنەوە، نیشانی داوە کە چۆن هێزی کاری




ڕێکخراو دەتوانێ بۆ سەرمایە ترسناک بێت.

سەرەڕای ئەم بەئاگاهاتنەوە چینایەتییە، چینی کرێکار بەهۆی ئەو ئاستەنگە گەورانەی کە لە ڕێگای ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیدا هەن نەیتوانی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئێستادا دەورونەخشی سیاسیی خۆی بنوێنێ و نەیتوانی وڵامی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە شۆڕشگێرانەیە بداتەوە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداری ئێران و بەسەرەنجدان بە بەرینایی هەژاری و نەهامەتی ئابووری ئێستا و درێژەی هێرشی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران، نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری بەناچار درێژەیان دەبێت و پەرە دەستێنن. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی بەردەوامبوونی مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاری و بە پشت بەستن بە توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی خۆی کە لە کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتندا ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە ڕێکخستنی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاریدا هەبووە و بە ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکان و بە دەخاڵەتدانی کرێکاران لە بڕیاردانەکان ئاراستەی شۆراییان لەناو ئەم بزووتنەوە چینایەتییەدا بەهێز کردووە، دەتوانێ بەسەر کەموکوڕییەکانی لەبواری ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیدا زاڵ بێت. ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران لەم قۆناغە شۆڕشگێرانەیەدا مەرج نییە تەنها پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بێت، بەڵکوو دەتوانێ بەشێوەی خێرا و بەتەوژم ڕەوتی پێگەیشتنی تێپەڕێنێ.

ئەمساڵ کرێکارانی جیهان لە حاڵێکدا لە یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی هاوپشتی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستی خۆیان نزیک دەبنەوە کە ئاکامی قازانجپەرستی نیزامی سەرمایەداری و قەیرانی بەرین و شەڕخوازی بێسنووری، کار و ژیان و ئەمنیەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەو هەژاری و تەباهی بردووە. چینی کرێکاری ئێران ئەمساڵ لە بارودۆخێکی تایبەتدا پێشوازی لە ئەکی ئەیار دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەڕی نیابەتی لەگەڵ ئیسرائیل و هێرشی مووشەکی بۆسەر ئەم وڵاتە و دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە درێژەی کۆمەڵکوژی لە غەززە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەرەوڕووی مەترسی شەڕێکی ماڵوێرانکەر کردووەتەوە.

لە ناوەوەی ئێرانیش ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە دیاریکردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری هێرشێکی تازەی بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران دەستپێکردووە و لەژێرناوی "تەرحی نوور" و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەهاشکێنی، شەڕ دژبە ژنانی ئازادیخواز و بێ حیجابی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. چینی کرێکاری بە پشت بەستن بە یەکگرتوویی کرێکارانی پێشڕەو و سۆسیالیستەکانی ناو ڕیزەکانی خۆی پێویستە لە یەکی ئایاردا هاوکات ئاڵای نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە و شەڕخوازی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، نا بۆ هێرش بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و نا بۆ شەڕ لەدژی

ژنان، بە هێزێکی زیاترەوە بەرز بکاتەوە.

لە ڕۆژی یەکی ئەیاردا بەرابەر لەگەڵ ١٢ی گوڵان، کرێکارانی ئێران بە پشتیوانەی وشیاری چینایەتی و پێشڕەوان و ڕێبەرانێک کە لە ڕیزەکانی خۆیاندا پەروەردەیان کردووە و بە پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی خەباتی پڕسۆزیان بۆ جارێکی تر بڕیاری خۆیان بۆ درێژەی خەبات دژبە سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان و بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، کۆمەڵگایەکی بەدوور لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوە، کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشبژێو ڕادەگەیەنن. لە بارودۆخێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە داسەپاندنی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری هێرشێکی تازەی




بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران دەستپێکردووە، هاوڕێیانی کرێکار خواستی حەقدەستی گونجاو لەگەڵ دابینکردنی خەرجی ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموو کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشین، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کرێکارانی بێکار دەخەنە سەرووی بڕیارنامەکانیان. هاوڕێیانی کرێکار لەم ڕۆژەدا و لە بڕیارنامەکانی خۆیاندا بۆ جارێکی دیکە لەسەر ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی هەموو زیندانیانی سیاسی، ئازادی بێ شەرت و مەرجی عەقیدە و ڕادەربڕین و بیرکردنەوە، چاپەمەنی، تەحەزوب، و پێکهێنانی ڕێکخراو، هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی دەرکردن و بەکردەوە دەرهێنانی سزای ئێعدام، ڕاگەیاندنی بەرابەری کامڵی مافی ژن و پیاو لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری و بنەماڵەیی، هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی یاسا و سیاسەتی هەڵاواردن دژبە ئاراستەی جنسی و جنسیەتی، جودایی دین لە دەوڵەت، دابینکردنی ئیمەنی کار و ئەمنیەتی پیشە، هەڵوەشاندنەوەی یاسا و هەرجۆرە ڕوانگەیەکی پشتیوانی هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی و ئایینی، کۆتایی هێنان بە لەناوبردنی ژینگە، قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی ژیان و پەروەردەی بەخۆڕایی تەئکید دەکەن. ڕۆژی یەکی ئەیار بە بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم داخوازییانە دەتوانێ ڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیاری کرێکاران بۆ گەشەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەپێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران بێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەموو کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب، هەموو ئەو ئینسانانەی لە هەژاری و بێبەشی، لە زوڵم و زۆر و نایەکسانی، لە ستەم و سەرکوت و لە درێژەی تەمەنی نگریسی نیزامی سەرمایەداری وەگیان هاتوون و خوازیاری ژیانێکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێون، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێوڕەسم و ئاکسیۆنەکانی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن بەتایبەت لە شەقام و مەیدانەکانی شار پڕگڕوتین بەڕێوەبەرن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆژی جیهانی کرێکار هێمای هاوپشتی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستی، هێمای خەبات بۆ سۆسیالیزم لە هەموو کرێکاران پیرۆزبایی دەکات و گیانفیدایی و هەوڵی دڵسۆزانە و ماندوویینەناسانەی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بۆ یەکگرتوویی ڕیزەکانی کرێکاران بەرز دەنرخێنێت.

بژی یەکی ئەیار

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گوڵانی ١٤٠٣

ئاپریلی ٢٠٢٤

***

## چینی کرێکار دژی شەڕ و شەڕسالاران

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی ئاوریل، ئەرتەشی ڕووسیە بە بەکارهێنانی مووشەکی دوور مەودا و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێرشێکی تۆڵەسەندنەوەی "بەرین"ی لە ئاسمان و دەریاوە دژی دامەزراوە وزەییەکانی ئۆکراین دەستپێکرد. وەزارەتی بەرگری ڕووسیە ڕایگەیاند کە ئەم هێرشانە لە وەڵامی هێرشەکانی ئۆکراین بووە بۆ زیانگەیاندن بە پیشەسازی نەوت و گاز و دامەزراوەکانی وزەی ڕووسیە. بە گوتەی کاربەدەستانی ئۆکراین، مووشەک و درۆنەکانی ڕووسیە بە بوردومانکردنی وزەخانەی گەورەی کارەبا لە نزیکی کیێڤ زیانی بەرینیان بە سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەی ئۆکراین گەیاندووە. حکوومەتی ئۆکراین بەرئاوردی کردووە کە ئەم شەڕە ١٥٠ ملیارد دۆلار زیانی بە ئابووری ئەم وڵاتە گەیاندووە و ڕووسیە کۆنترۆڵی زیاتر لە ١٧%ی وڵاتی ئۆکراینی بەدەستهێناوە. بەهۆی ئەم شەڕەوە سەدان هەزار کەس لە هەردوولا کوژراون و بریندار بوون و لێکەوتە ئابوورییەکانیشی کاریگەرییان لەسەر جیهان هەبووە. ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە، ئاکامی سیاسەتی هێرشبەرانەی ناتۆ بۆ پەرەپێدان بە بازنەی ئەندامەکانی و ئاکامی فراوانخوازی بۆرژوازی ناسیۆنالیزمی ڕووسیەیە.

ڕۆژی ٤ی ئاوریل ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور یان ناتۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی خۆی لە بروکسلی پایتەختی بەلژیک کردەوە. ناتۆ لە ساڵی ١٩٤٩دا، کەمتر لە چوار ساڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، لە ساڵانی سەرەتای جەنگی سارد، بە سەرکردایەتی ئەمریکا، وەک سەنگەرێکی دژە کۆمۆنیست و هاوپەیمانی دژی یەکێتی سۆڤیەت پێکهات. ئەم یادە کە لەگەڵ کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ بەڕێوەچوو، وەک چاوەڕوان دەکرا، تایبەت بوو بە پەرەپێدانی زیاتری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیە. ئانتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بە پێداگری لەسەر پشتیوانی لێبڕاوانەی ناتۆ لە ئۆکراین، بەڵێنی دا کە "ئۆکراین دەبێتە ئەندامی ناتۆ". یەنس ستۆڵتنبێرگ بەڕێوەبەری گشتی ناتۆش لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: "ئورووپا لەئێستادا بەرەوڕووی شەڕ لەئاستێکدایە کە ئێمە لامان وابوو بە مێژوو پەیوەست بووە". ئەو هەروەها جەختی کردەوە: "ئۆکراین دەبێتە ئەندامی ناتۆ. مەسەلەکە ئەوەیە کە چ کاتێک". وە لە درێژەدا وتی "ئێمە دەزانین کە ئەمنیەتی ئێمە ناوچەیی نییە، بەڵکوو جیهانییە و شەڕ لە ئۆکراین و پشتیوانی وڵاتانی ئاسیایی لەوانە چین و ئێران و کۆرەی باکوور لە ڕووسیە ئەم بابەتە بەڕوونی نیشان




دەدات". ئەو بە وتنی ئەم وشانە لەسەر ئەم خاڵە جەختی کردەوە کە شەڕ لە ئۆکراین بەشێکە لە شەڕی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان لەدژی یەکتر.

ناتۆ کە بوونی خۆی بە دژایەتی لەگەڵ مەترسی یەکیەتیی سۆڤیەت پاساو دەکرد، لەگەڵ ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە و کۆتایی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٩١، خۆی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵکوو بە لەشکرکێشی و هێرشی بەردەوام بۆسەر هێندێک لە ناوچەکانی جیهان، بەشێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ناوچەی باڵکانی کرد بە وێرانە. ئەگەرچی ناتۆ خۆی بە ڕێکخراوێکی "بەرگری" پێناسە دەکات، بەڵام لە دنیای واقعیدا مێژووی ئەم پەیمانە بەتەواوی بەپێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێ. ئەم مێژوویە سەلمێنەری شەڕی بێپسانەوەی ناتۆ و ئەندامانی لە گۆشە و کەناری جیهانە. هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩١ بۆسەر عێراق، بۆمبارانی سربستان لە ساڵی ١٩٩٩ و جیایی کۆزۆڤۆ، داگیرکردنی ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە

بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و درێژەی شەڕی ماڵوێرانکەری بیست ساڵە لەم وڵاتە کە ئاکامەکەی گەڕانەوەی هێزی کۆنەپەرستی تاڵەبان بۆسەر دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٢١بوو، هێرشی دووبارە بۆسەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هێرش بۆسەر لیبی لە ساڵی ٢٠١١ و پاشان بۆسەر سووریە، هەر هەموویان ئەو شەڕانەن کە یان لە چوارچێوەی ناتۆدا ئەنجام دراون و یان لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانەوە پشتیوانییان لێکراوە. وە ئێستاش شایەدی یەکێک لە گەورەترین جەنایاتی جەنگی بەدژی خەڵکی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلین کە بە بێ پشتیوانی دەسەڵاتە گەورەکانی ئەندامی ناتۆ و بە بێ پشتیوانی نیزامی و دارایی و سیاسی و میدیایی ئەوان مومکین نەبوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم شەڕانە، ناتۆ بە گرتنەوەی ئەو



دەوڵەتانەی کە پێشتر ئەندامی پەیمانی نیزامی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوون، تا سنوورەکانی ڕووسیە پێشڕەویی کرد، لە ساڵی ٢٠١٤ دەوڵەتی ئۆکراینی لەڕێگەی کودەتاوە ڕووخاند و ڕژێمی لایەنگری ڕۆژئاوای خستە جێگای و لە ساڵی٢٠٢٢دا بە هەوڵ بۆ پەیوەست کردنی ئۆکراین بە ناتۆ، بەستێنەکانی هێرشی ئەرتەشی ڕووسیە بۆسەر ئۆکراینی ئامادە کرد. ئەم شەڕە کە مەیدانی ڕەقابەتی دوو جەمسەری ئیمپریالیست بە ڕێبەری ئەمریکا و ڕووسیە لەپێناوی پەرەپێدانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیانە، خەڵکی ئۆکراینیان کردووەتە گۆشتی بەردەم تۆپ و هەتا ئێستا زیاتر لە نیو ملیۆن سەربازی ئۆکراینی بۆ نموونە زیاتر لە سەد هەزار کەسیان لە هێرشی هاوینی ساڵی ٢٠٢٣دا کردووەتە قوربانی. ئێستاش کە ئەم دەسەڵاتە ئیمپریالیستانە لەژێر گوشاری هەزینە و دواهاتەکانی ئەم شەڕەدا زیاتر لە ڕابردوو پێگەیان کەوتووەتە مەترسییەوە و لەلایەکی دیکەوە شایەدی گەشەی خێرای خەباتی چینایەتی کرێکاران لە وڵاتانی خۆیان و لەئاستی جیهانن، بۆ بەدەسهێنانی هێژمۆنی و سەرکەوتن لە مەیدانی ئەم نەبەردە، مرۆڤایەتییان خستووەتە بەردەم مەترسیی پەرەسەندنی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەتۆمی.

لە ناوەوەی ئەم وڵاتانەش شایەدی هێرشی دەوڵەتانی سەرمایەداریی ئەندامی ناتۆ بۆسەر مافی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیکی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بووین. لە کاتێکدا کە یارمەتییە داراییەکانی ئەندامانی ناتۆ لە ٢٠٠ ملیارد دۆلار تێپەڕیوە و هەر ئەم دەوڵەتانە لە ساڵی ٢٠٢٣دا زیاتر لە ١٠٣ تریلیۆن دۆلاریان کردووەتە خەرجی بواری نیزامی و دەوڵەتانی ئورووپایی هەزینەی دیفاعیی خۆیان بەشێوەیەکی بێوێنە بردووەتە سەرێ، بەڵام هەر ئەم دەوڵەتانە بە بیانووی نەبوونی پارە، لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا دڕندانەترین هێرشیان بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا ئەنجام داوە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ پاساوکردنی ئەم هەزینانە و درێژەی شەڕ، ڕێگایان بۆ هاتنە سەر کاری هێزی فاشیست و توندڕەوی ڕاست هەموار کردووە. چونکە ئەم هێزانە لەوپەڕی دڕندەییدا ناڕەزایەتی ڕوو لە گەشەی کرێکاران و نەیارانیان بە هەزینەی بەرینی نیزامی و ئاکامەکانی شەڕ سەرکوت دەکەن. هاتنە سەر کاری ترامپ، ڕاستی توندئاژۆی ئاڵتێرناتیڤ بۆ ئاڵمان (DfA)، ملونی لە ئیتالیا و باقی ڕەوتە فاشیست و ڕاسیستە توندڕەوەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، هەر هەموویان لەم ڕاستایەدا بوون.

بەڵام لە بەرامبەردا بەردەوام شایەدی پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لەدژی ئەم شەڕخوازی و هێرشانەی دەوڵەتانی سەرمایەداری بۆسەر ژیان و گوزەرانیان بووین. هەر لەم چوار مانگەی سەرەتای ساڵی زایینیدا، شایەدی مانگرتنی شۆفێرەکانی قەتار، کارمەندانی فڕۆکەخانە و کارمەندانی بەشی دەوڵەتی لە ئاڵمان، مانگرتنی مامۆستایان لە فەڕانسە، مانگرتنی بێوێنە و بەرین لە فنلاند، خۆپیشاندانی بەرین لەدژی حیزبی ڕاستی توندڕەوی ئاڵتێرناتیڤ بۆ ئاڵمان (DfA)، شایەدی ناڕەزایەتی جووتیاران لە زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپایی و درێژەی ناڕەزایەتی دژبە کۆمەڵکوژی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە غەززە بووین. ئەم ناڕەزایەتی و خەباتە کرێکارییانە لەدژی بورژوازی و شەڕخوازانی ناوخۆیی نیشانی دەدات کە کرێکاران باش دەزانن دوژمنی ئەوان وڵاتانی دیکە نین. بەڵکوو دوژمنی ئەوان نیزامی سەرمایەداری و سەرمایەداران و دەوڵەتانی پشتیوانیانە. بەڵام ئەوەی لەم پەیوەندەدا گرینگە ئەوەیە کە بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بزووتنەوەی جیهانی دژی شەڕ پێویستە گەشە بکات و بەرەو ناوەندە سەنعەتی کرێکارییەکان تەشەنە بستێنێت و بە ئاسۆی دژەسەرمایەداری و ڕێبەریی سۆسیالیستی تەیار بکرێت. بەو حەقیقەتە بگات کە بە بێ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایە و ناوەندەکانی سەرمایەداری و خستنە ژێر کۆنترۆڵی هەموو سەرچاوە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا، ناتوانن کۆتایی بە شەڕ بهێنێت.

***

## ژنانی ئازادیخواز "گەڵاڵەی نوور"ی ڕژێمی ئیسلامیش تێکدەشکێنن

ڕۆژی شەممە ٢٥ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٣ فەرماندەی هێزی ئینتزامی حکوومەتی ئیسلامی ڕایگەیاند کە لەمڕۆوە "گەڵاڵەی نوور" بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ "ناهەنجارییەکان" و پاراستنی عیفاف و حیجاب، لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوە دەچێت و کەسانی بەهاشێکن و سەرپێچیکار بەپێی یاسا بەتوندی سزا دەدرێن". بەپێی هەمان ڕۆژ ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتگەرەکانی پۆلیس بە ماشێنەکانی "ڤەن" ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران و دەستیان کرد بە موزاحمەت و لێدان و دەستگیرکردنی ژنانێک کە جلوبەرگی ئیختیارییان لەبەردابوو. فەرماندەی ئەم هێزە سەرکوتگەرەی ڕژێمی دژەژن لە کاتێکدا باس لە یاسا دەکات کە زیاتر لە یەک ساڵە هەموو دامودەزگاکانی قەزایی و مەجلیس و شۆرای نیگەهبانی حکوومەتی ئیسلامی، لە حاڵی ئامادەکردنی "یاسای حیجاب و عیفاف"دان، بەڵام هەتا ئێستا هیچ کامیان نەیانوێراوە بەرپرسایەتی بڵاوکردنەوەی بگرنە ئەستۆ و ئەم "یاسا"یە لە نێوان دەوڵەت و مەجلیس و شۆرای نیگەهباندا دەست بە دەستی پێدەکرێ. چونکە ڕژێم خۆی



باش دەزانێ کە ئەو ژنە خەباتکارانەی کە لە بزووتنەوەی ژینادا بە فڕێدان و سووتاندنی حیجابی ئیجباری، هێرشیان کردە سەر پایەکانی ئایدیۆلۆژی ڕژێم، لە بەرامبەر هیچ یاسایەکی ئیسلامی بۆ داسەپاندنی "حیجابی زۆرەملە" تەسلیم نابن و خوازیاری ژیانێکی سەربەست و ئازادن. هەر لە هەمان ڕۆژی بەڕێوەبردنی "گەڵاڵەی نوور"ی کۆماری ئیسلامیدا، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان لە شەقامەکان بە بێ حیجابی ئیجباری و ئازادانە هاتوچۆیان دەکرد.

"تەرحی نوور" لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕژێم بەدوای قسەکانی عەلی خامنەیی لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی خاکەلێوە بەڕێوەچوو کە لە دیدار لەگەڵ سەرانی سێ دەزگاکەی ڕژێم و کۆمەڵێک لە بەرپرسان و فەرماندەکانی سپای پاسداران، لەسەر بەڕێوەبردنی جەختی کردەوە. خامنەیی لەم کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئاماژە بە داسەپاندنی

حیجابی ئیجباری بەسەر ژنان وتی: "لە بواری شەرعییەوە حیجاب حوکمێکی ڕەوایە و بۆ خانمان بێجگەلە داپۆشینی ڕوخسار و دەست واجبە و دەبێ ڕەچاو بکرێت و نابێ پشتگوێ بخرێت". بەدوای خامنەیی، موحسین ئێژەیی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژێم ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە لەم پەیوەندەدا وتی: "بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لەبواری حیجاب و عیفافەوە وەزعێکی باشی نیە و دۆخی ئەمنیەتی دەروونی کۆمەڵگاش باش نییە، نابێ چاوەڕوانی پەسندکرانی نیهایی گەڵاڵەی حیجاب و عیفاف بین و پێویستە بە بەکارهێنانی یاساکانی ئێستا بۆ باشترکردنی وەزعی عیفاف و حیجاب هەوڵ بدەین". وتیشی: "مانگی خاکەلێوەی ساڵی ڕابردوو گشت یاساکانی پەیوەندیدار بە باشترکردنی وەزعی حیجاب و عیفافمان لە ٩ مادەدا وەک بنەمای گەڵاڵەکە ڕەوانەی دەوڵەت و مەجلیس کرد. دەوڵەت ئەم یاسایەی کرد بە ١٥ مادە و مەجلیسیش کردی بە٧١ مادە. بەڵام ئێستاش بە سەرەنجام نەگەیشتووە". ئێژەیی جەلاد داوای لە دادستانەکان و فراجا و وەزارەتی ناوخۆ کرد کە چاوەڕوان نەبن و دژبە ژنان



بێنە مەیدان.

ڕێبەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ئەو ژن و پیاوانەی کە دژی حیجابی ئیجبارین، بەهاشکێن و کەسانێک ناولێدەنێن کە لە زەوی دوژمندا یاری دەکەن. هەربۆیە لایان وایە کە دەتوانن بە داسەپاندنی توندوتیژی و هێنانە مەیدانی هێزی سەرکوتگەر، کۆمەڵگا بەرەو دواوە بگەڕێننەوە و دەستکەوتەکانی خەباتی ژنان زەوت بکەن. لەڕاستیدا ئەوە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامین کە بە یاسای کۆنەپەرستانەی ئایینی و بە تێبەردانی هێزی سەرکوتگەر لە گیانی ژنانی ئازادیخواز، نائەمنی لە کۆمەڵگادا پێکدێنن. ژنانی ئازادە بە خەباتی خۆیان لە بزووتنەوەی ژینا، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئاستە لە ئازادی سەرەتایی ئینسانی، لە گیان و ماڵ و کار و ژیانی خۆیان مایەیان دانا. ئەوان هەموو یاسا دژەژنەکانی ڕژێمی ئیسلامی لەوانە جەریمەی نەغدی، هەڵگرتنی بێ ئیجازەی سێ ملیۆن تمەن لە حیسابی بانکی ژنان، پێکهێنانی پەروەندەی قەزایی بۆیان، پلۆمبی شوێنی کەسب و کار و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلیان، بەرەورووی شکست کردووەتەوە.

حکوومەتی ئیسلامی لە کاتێکدا بۆ ڕێگری لە دەرکەوتنی قژی سەری ژنان یاسا و بەرنامە دادەڕێژێ کە بەرەورووی قەیرانی قووڵی ئابوورییە. لە بەرامبەر ژناندا زەلیل و بێتوانایە و هیچ تەرحێکی بۆیان نییە. دەوڵەتی ئیبراهیمی ڕەئیسی لە بارودۆخێکدا "تەرحی نوور" بەڕێوەدەبات کە ئەمساڵیش لەگەڵ کەسری بوودجەی ٣٠٠ هەزار ملیارد تمەنی بەرەورووە. گرانی، بێکاری، هەژاری و برسیەتی بنەماڵە کرێکارییەکان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای وەگیان هێناوە، بەڵام حاکمانی ئیسلامی سەرمایە بۆ چارەسەرکردنی هیچ یاسا و بەرنامەیەکیان نییە. لە کاتێکدا کە هەموو ڕۆژێ دۆسیەی گەندەڵی و دزیی گەورەی ڕێبەرانی حکوومەت و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران ئاشکرا دەبێت، حکوومەتی ئیسلامی بە پێویستی نازانێ یاسایەک دابڕێژێت و هێزی سەرکوتگەر، فراجا و پۆلیسی شەریعەت و ئاتەش بە ئیختیارەکانی بێنێتە سەر شەقامەکان. بەڵام بۆ داسەپاندنی حیجابی ئیجباری و بۆ سەرکوتکردنی ژنان دەبێ بیانهێنێتە سەر شەقام.

هەڵبەت بوارێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە حیجابی ئیجباریش وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی مەشغەڵە لە کۆمەڵگا و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لەئاست قەیران و کێشەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت. بۆ نموونە لە بارودۆخی ئێستادا کە سەرقاڵی شەڕی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلە و هەموو ڕۆژێ فەرماندە باڵاکانی لێ دەکوژرێ و خەسارەت لە بنکە و پایەگا نیزامییەکانی دەدرێ، لە داسەپاندنی توندوتیژیی وەحشیانە دژبە ژنان بە بیانووی حیجاب، بۆ پێکهێنانی فەزای ترس و وەحشەت کەڵک وەردەگرێت تا بەڵکوو بتوانێ لە پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری لەدژی خۆی ڕێگری بکات.

بەڵام خەباتی یەکگرتووانەی ژنانی تێکۆشەر و پیاوانی یەکسانیخواز بەرامبەر بە یاسای کۆنەپەرستانەی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و سەرکوتی ڕژێم، لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ئیسلامی و بەتایبەت لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا گەلێک دەستکەوتی مسۆگەر کردووە. ئەم خەباتە لە بارودۆخی لاوازی و زەبوونی ئێستای حکوومەتی ئیسلامیدا دەبێ پێشڕەویی خۆی خێراتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەرجەم یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی بە زەبری هێزی خەباتکارانەی هەڵوەشێنێتەوە. پێشڕەوانی چەپ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەتوانن لە بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژندا ڕۆڵێکی کاریگەر بنوێنن و بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی تێپەڕین لە بارودۆخی ئێستا، ئەم دەسەڵاتە دژەژن و کۆنەپەرستە بخەنە ناو زبڵدانی مێژووەوە.

❋❋❋

# بژی یەکی ئەیار ڕۆژی هاوپشتیی جیهانی چینی کرێکار

ڕۆژی یەکی ئەیار بەرابەر لەگەڵ ١٢ی مانگی گوڵان ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکاران، خۆی بەسەر ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیدا سەپاندوە. ڕژێمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی یەک دوو ساڵی ئەوەڵی دوای ڕاپەڕین، ناچار بوو بە وەرێ خستنی لەشکریانی حیزبوڵڵا بە هەراوهوریای" کرێکار، ئیسلام پشتیوانی تۆیە"، بە شێوەیەکی ڕیاکارانە دان بە گرنگی و هەیبەتی یەکی ئەیار بگرێ. سەرانی ڕژێمی ئیسلامی لە ساڵەکانی دواتردا ناچار بوون بە ڕاگرتنی بە کردەوەی کار لە یەکی ئەیار لە لایەن بەشێک لە کرێکاران واتە کرێکارانی پیشەسازی و کارخانە دەوڵەتیەکانەوە سەرەڕای یاسای ڕاگەیەندراویان و ئەویش لەوپەڕی هێرشی پۆلیسی بۆسەر بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕەسمیەت بدەن. ڕژێمی ئیسلامی لە هەمان ساڵەکانی سەرەتاوە هەوڵیداوە تا لە ڕێگای




کۆبوونەوە فەرمایشیەکانەوە، ڕۆژی جیهانی کرێکار بکاتە مەراسمی خەڵەتاندن و ترس و سووکایەتی بە جەماوەری کرێکاران. ڕژێم ساڵانێکە لە هەوڵێکی فریوکارانەدایە، بە جێگای ڕۆژی کرێکار" حەفتەی کرێکار"ی دیاری کردووە. بەپێی ئەم حیلەگەریە" حەفتەی کرێکار" هەموو ساڵێک لە حەفتەیەک پێش لە یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکارەوە دەستپێدەکات و لەم ڕۆژەدا کۆتایی دێت. ڕێکخراوە دژەکرێکارییەکان و ڕێکخراوە زەردە دەوڵەتییەکان هەموو ساڵێ بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشترەوە داڕێژراو دیدار لەگەڵ وەلی فەقیە و تازەکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئارمانەکانی خومەینی و موسابقەی قورئان خوێندنی بەناو کۆمەڵگەی کرێکاری لە ڕۆژی ئەوەڵی "حەفتەی کرێکار" و گرتنەوەی وەخت بۆ باسکردنی داخوازی و مەسائیلی کرێکاران لە تریبوونەکانی نوێژی جومعە و گونجاندنی بەرنامە بۆ بەسیجی کرێکاری، گونجاندنی دروشم بۆ ڕەونەق دان بە بەرهەمهێنان و ... دەخەنە دەستووری کارەوە.

بەم جۆرە لە هەموو ماوەی ٦ ڕۆژەکەدا لە ڕێگای ئامرازە دەوڵەتیەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی مەراسمی بە دڵی ڕژێم و خاوەنکاران ئامادەکاری دەکرێت تا ڕۆژی

حەوتەم ئیتر هیچ نیشانەیەک لە تێکۆشان، لە ناڕەزایەتی و لە پێشکەوتنخوازی لە مەراسمێکدا کە بەڕێوەدەچێت بەدی نەکرێت. لەم ڕووەوە جەماوەری کرێکاران دەبێ بۆ بایکۆتی قەتعنامەکانی، ئەم بەرنامە و کۆبوونەوە دژی کرێکاریانە تەیار و ئامادە بکرێن. تەحریم کردنی ئەم بەرنامە و کۆبوونەوە زەرد و فەرمایشیانە واتە ئەو کۆبوونەوانەی کە چ ڕاستەوخۆ و لە لایەن کەسانی سەربە ڕژیم و چ بە دروشم لە تەئیدی ڕژیم، لە لایەکەوە و



یان بە دخاڵەتی خانەی کارگەری ڕژیم، ئەنجومەن و شورا ئیسلامیەکان بەڕێوە ئەچن، بەشێکی جیانەکراون لە بانگەواز و ئاکسیۆنەکانی یەکی ئەیار. یەکی ئەیار خاوەن مێژویەکی دەیان ساڵە و سونەتێکە کە خۆی بۆتە هێزێکی مادی گەورە.

بەڕێوەچوونی مەراسم و بەرپا کردنی کۆبونەوەی سەربەخۆی کرێکاری لە ڕۆژی یەکی ئەیار، مێحوەر و ئەساسی بانگەوازی ئێمەیە بۆ بەڕێوەچوونی ئەم هەمایشە نێونەتەوەییە کرێکاریە. ئەوەی کە ئەم بانگەوازە لە چ شکڵێکی دیاری کراودا ڕێکدەخرێن و بەکردەوە دەردێن، بابەتێکە کە تا ئاستێکی زۆر بەستراوەتەوە بە بارودۆخ و حاڵ و هەوای دیاری کراوی هەر شوێن و ناوچەیەکەوە، فابریک و پلەی ئامادەیی تەشکیلاتی و پێوەندی خەباتکارانە لەنێو هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریدا بوونی هەیە. لەم بوارەدا ئەوەی کە ئێمە وەک ڕێنماییەکی گشتی و سەرتاسەری دەتوانین جەختی لەسەر بکەینەوە بانگەواز لە هەموو کرێکاران، بنەماڵە کرێکاریەکان و ئینسانە ئازادی خواز و تێکۆشەرەکانە تا مەراسم و کۆبوونەوەکانی ڕۆژی یەکی ئەیار بەرابەر لەگەڵ ١٢ی مانگی گوڵاندا بەشداری بکەن. نەچن بۆ کارخانە و شوێنی کار و لەهەمان کاتدا هەوڵ بدەن مەراسم و کۆبوونەوەی شکۆدارتر بەڕێوەبەرن.

لە ڕۆژی یەکی ئایاردا، لەسەر بەستێنی سوننەت و تێکۆشانێکی ئەنترناسیۆنالیستی، کرێکاران هێزی ڕەزمەندە و یەکگرتوی خۆیان بە هێنانەگۆڕی خێراترین داخوازیەکانیان لە بەرابەر بۆرژوازی و دەسەڵاتی حاکمدا ڕادەگرن. کرێکارانی ئێران لەم ڕۆژەدا و لە قەتعنامەکانی خۆیاندا لەسەر داخوازی زیاد کرانی حەقدەستەکان گونجاو لەگەڵ دابین بوونی ژیانێکی ئینسانی، دابین بوونی بیمەی بێکاری کافی، ئازادی دروست کردنی تەشەکولە کرێکاریەکان و ئازادی زیندانیای سیاسی و هەڵوەساندنەوەی سزای ئێعدام وەک گرینگترین داخوازیەکانیان جەخت دەکەنەوە. پێداگری لەسەر ئەم داخوازیە هەنووکەیێ و خێرایانە نیشانەی ئەوەیە کە چینی کرێکاری ئێران بە هەموو هێزیەوە لەسەر مافی ئینسانی جەماوەری کرێکار و بێبەشی کۆمەڵگا بۆ بەهرەمەند بوون لە ئاسایش و ڕیفاه جەخت دەکاتەوە و ئاڵای خەبات لەدژی ئەم بارودۆخە نەکبەتبارەی لێبراوانە لە دەست دایە.

لە لایەکی دیکەوە، جەخت کردنەوە لەسەر ئازادی تەشەکولە کرێکاریەکان و ئازادی زیندانیانی سیاسی نیشانەی پێشڕەو بوونی چینی کرێکارە لە خەباتدا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادیە دیموکراتیکەکان. جەخت کردنەوە لەسەر دروست کردنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان و داخوازی ئازادی زیندانیانی سیاسی بەشێک لە داخوازی ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسیە. تەرحی ئەم دروشمانە و چڕ بونەوەی هێزەکانی چینی کرێکار بۆ داسەپاندنی بەسەر ڕژیمدا، هەروەها بەم واتایەیە کە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری عەزمیان بۆ نواندنی دەور و نەخشی مێژوویی خۆیان لە ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران ڕاگەیاندوە. چینی کرێکار ئەو زەرفیەت و پوتانسیەلەی هەیە تا بە پشت بەستن بە هێزی خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی چین و توێژە ستەم لێکراوەکانی جەماوری خەڵکی بێبەش، کۆمەڵگا بەرەو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بەرن.

بەڕێوەچوونی مەراسمی یەکی ئەیار ئاکسیۆنێکی چینایەتیە. ئەم جەخت کردنەوەیە لەم ڕووەوە پێویستە کە بەباشی ڕوون بێتەوە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک خوازیاری "ئاکسیۆنێکی حیزبی و سازمانی" پەراوێز خراو و جیا لە حەرەکەتی چینی کرێکار، ئاکسیۆنێک کە نەک لەسەر بنەمای حەرەکەتێکی وشیارانە و ڕاستەخۆی جەماوەری کرێکاران، بەڵکوو لەسەر بنەمای حەرەکەتێکی جوداگانەی سازمانی پێکهاتووە، نین. لەم ڕووەوە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە سەرەڕای ناکۆکیەکی سیاسی و نەزەری کە بەیەکەوە هەیانە بۆ سازماندەهی نمایشی یەکێتی چینی کرێکار لە یەکی ئایاردا بە یەکەوە هاوکاری و یەکێتی کرداریان هەبێت. بەرژەوەندی چینی کرێکاران لە بەرانبەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیاندا ئەم جۆرە یەکێتی کرداریە و هاوکاریانەی زەروری تر کردووە. هەڵسووڕاوانی کومونیست دەبێ نیشانی بدەن کە هیچ بەرژەوەندیەکی جیاواز لە بەرژەوەندی چینی کرێکاریان نییە.

***

## خامنەیی لەسەر هەڵدێری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێحیجابی، ژنان لە یەک هەنگاویی سەرکەوتندا

عەلی خامنەیی وەلیی فەقیهی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی مانگی خاکەلێوەی١٤٠٣لە دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی و فەرماندەکانی سپای پاسداران و ئەرتەش بۆ جارێکی دیکە لەسەر ئیجباری بوونی حیجابی ئیسلامی "هەم لە بواری شەرعی و هەم لە بواری یاساییەوە" تەئکیدی کرد. ئەو وتی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە



دژایەتی ژنان لەگەڵ حیجابی زۆرەملە بە ئامانجی سەرەکی "گەڕانەوەی وەزعیەت بۆ زەمانی بەر لە ئینقلاب – تاغوت" شکڵی گرتووە. ئەو هەروەها دژبەرانی حیجابی ئیجباریی لە ئێران "دامەزراو و ژێر نفووزی بێگانە" وەسف کرد و داوای لە بەرپرسانی حکوومەت کرد کە بۆ ڕەعایەتی حیجابی ئیجباری "ئەرکی شەرعی و یاسایی" خۆیان بەجێ بێنن. چەند ڕۆژ دوای وتەکانی خامنەیی، غوڵامحسێن موحسنی ئێژەیی، شەوی یەکشەممە ١٩ی مانگی خاکەلێوە لە دیدار لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسانی میدیایی بەکرێگیراوی حکوومەت وتی: "لە بواری حیجاب و عیفافەوە وەزعێکی باشمان نییە. ئەگەرچی لەم بوارەدا هەوڵی جۆراوجۆر دراوە، بەڵام هێشتا بە ئاکامی سەرەکی نەگەیشتووین". ئەو جەختی لەوە کردەوە کە نابێ چاوەڕێی گەڵاڵەی ناساراو بە "حیجاب و عیفاف" بن و ئیدیعای ئەوەی کرد کە هەر بەم زەرفییەتە قانوونییانەی ئێستاش دەتوانن بارودۆخەکە باشتر بکەن. سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیمی ئیسلامی لە درێژەدا وتی: "لە شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگی، دەزگای قەزایی ئەرکدار کرا کە گەڵاڵەیەک لەم پەیوەندەدا ئامادە بکات. ئێمە ئەم گەڵاڵەیەمان لە ٩ مادەدا گونجاند و ئەم ٩ مادەیە لە دەوڵەتدا بوو بە ١٥ مادە و لە مەجلیسیشدا بوو بە ٧١ مادە و هێشتا بە سەرەنجام نەگەیشتووە".

ئەم هەڕەشە و شاخ و شانە کێشانە دژبە ژنان لە کاتێکدایە کە سەرەڕای شەپۆلی یەک لە دوای یەکی سەرکوت و هاواری ئیمامانی جومعە و جەولەی حیجاببانان، ژنانی ئازادە و بێباکی ئێران بۆ پێداگری لەسەر مافی ئینسانی و

بنەڕەتی خۆیان لە هەڵبژاردنی جۆری پۆشین، بەردەوام بە بێ حیجابی ئیجباری دەچنە شوێنە گشتییەکان. هەڕەشەی خامنەیی و سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیم نیشانەی ئەوەیە کە سەرانی ڕژیم سازماندانی شەپۆلێکی تازە لە هێرش بۆسەر ژنانیان خستووەتە دەستووری کارەوە. بەڵام هەر ئەوەیکە زیاتر لە یەک ساڵە دەوڵەت و مەجلیس و شۆرای نیگەهبان نەیانتوانیوە "لایحەی حمایەت لە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب" پەسند بکەن نیشانەی ئەوەیە کە خۆڕاگری و موقاوەمەتی بوێرانەی ژنان لە بەرابەر حیجابی ئیجباری، سەران و یاسادارێژەرانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامییان لە گیانی یەکتر بەرداوە. زیاتر لە یەک ساڵە هەندێک لە سەرانی ڕژیم و نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی لە ترسی



ڕووخانی "دیواری بەرلینی حیجابی ئیجباری" و لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەی ژنان، باس لە زەرورەتی گونجاندنی سزای توندی وەک شەللاق و دوورخستنەوە لەناو ئەم گەڵاڵەیە دەکەن. ژمارەیەکی دیکەش لە مۆرەکانی ڕژیم بۆ ڕەعایەتی حاڵی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و دڵپەڕۆشانی نیزام، لەسەر گرینگی "کاری فەرهەنگی" تەئکید دەکەن.

ترسی سەرانی ڕژیم لە ڕووخانی دیواری بەرلینی حیجابی ئیجباری و دەربڕینی ئەمجۆرە نیگەرانییانە و هەڕەشەکانی خامنەیی و موحسنی ئێژەیی و مەقاماتی دیکەی حکوومەت لە هەمان کاتدا کە وشک مێشک بوون و کۆنەپەرستیی تۆخی سەران و کارگێرانی ڕژیم نیشان دەدات، هاوکات نیشانەی ڕاستەقینەی گۆڕانی بارودۆخ و گۆڕانی هاوسەنگی هێزە لەئاستی کۆمەڵگەدا. ئەم هاوسەنگییە تازەیەی هێز بەرە بەرە و لە ئاکامی زیاتر لە چل ساڵ خەباتی سەنگەر بە سەنگەری ژنان لەدژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسەتی دژە ژنی حکوومەتی ئیسلامی بووەتە ئەمری واقع. خەباتی بێپسانەوەی ژنان لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو و بۆ نموونە بەشداری بەرینی ژنانی ئازادیخواز لە ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری۹٦ و خەزەڵوەری۹۸، و پێشەنگایەتی ئەوان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ژن، ژیان، ئازادی سەرچاوەی ئەو موقاوەمەتە بەرینەیە کە ئەمڕۆ لە بواری خەبات بەدژی حیجابی ئیجباری خۆی نیشان دەدات و سەرانی ڕژیم و فەرماندەکانی هێزی ئینتزامی هیلاک و هەراسان کردووە. ئەو دەستەیە لە سەرانی حکوومەتی ئیسلامی کە نوسخەی شەللاق و دوورخستنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێحیجابی دەپێچن دەبێ بزانن کە ئەم حکوومەتە ئیسلامییە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەوپەڕی کردەوەی دژەئینسانی و جەنایەتکارانەی خۆی بۆ نموونە شەللاق و زیندان و ئەشکەنجەی دژبە خەباتی ژنان بەکارهێنا، بەڵام نەیتوانی ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز چاوترسێن بکات. بەشداری بەرچاوی ژنان لە ئاخێزە شۆڕشگێرانەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان و حزووری ئەوان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نیشانی دا کە ژنانی ئێران بۆ وەدیهێنانی خواستە ئینسانییەکانی خۆیان پێیان ناوەتە ڕێگای خەباتێکی سەرنگەر بە سەنگەرەوە و کردەوەی تاوانکارانەی ڕژیم لەسەر عەزم و ئیرادەیان کاریگەر نییە. ئەمڕۆ ئاکامی وەها خەباتێکی گیانفیدایانە و درێژخایەن و سەنگەر بە سەنگەری ژنان، لە جەماوەری بوونەوەی خەبات دژبە حیجابی ئیجباریدا دەبینین.

دیارە خەبات لەدژی حیجابی ئیجباری بوارێک نییە کە بەتەنیا بەرینایی خەباتی ڕزگاریبەخشی ژنانی ئێران نیشان بدا، بەڵام موقاوەمەت بەرانبەر بە حیجابی ئیجباری ئەمڕۆ بووەتە هێمایەک لە خۆڕاگری دژبە یاسای ئیسلامی و نادیدەگرتنی دەستووراتی حکوومەتی. کۆنترۆڵی دیاردەی بێ حیجابی لەدەستی ڕژیم چووەتە دەرێ و هەر ئەم واقعیەتەشە کە بەمجۆرە خامنەیی و سەرانی دیکەی حکوومەتی نیگەران کردووە. هێزی ڕەوانەکراو بۆ شەقام و زانکۆکان ناتوانن پاشەکشە بەو ژنانە بکەن کە حیجاب و ڕووسەرییان لەسەر کردووەتەوە و یاسا ئیسلامییەکانیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە. جەماوەری بوونەوەی ئەم خەباتە ڕژیمی لەبەرامبەریدا داماو و بێتوانا کردووە. هەڕەشەکانی خامنەیی و سەرۆکی دەزگای قەزایی نەک نیشانەی هێز و دەسەڵات، بەڵکوو لەڕاستیدا دان پێدانان بە داماوی و شکستیانە. کۆماری ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتیدا هەرچی لە توانایدا بووە دژبە ژنان بەکاری هێناوە. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران نە لە بواری پەسندکردنی یاسای دژی ژن و نە لە بواری داسەپاندنی زۆر و توندوتیژی ڕاستەوخۆدا هیچ بۆشاییەکی نەهێشتووەتەوە کە ئەمڕۆ بیهەوێ بە کردەوەی "بەدەر لە یاسا" پڕی بکاتەوە.

خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانێک کە حیجابی ئیجبارییان پێ سووکایەتییە بە حورمەتی ئینسانییان، لە یەک هەنگاویی سەرکەوتندایە. کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانی ئێران بە فڕێدانی ئەو حیجابەی کە بە زەبری سەرکوت بەسەریاندا سەپاوە، هەموو یاساکانی ئەم بوارە هەڵوەشێننەوە. ئەو خەباتەی کە بە سووتاندنی ڕووسەری لەسەر شەقام چووە قۆناغێکی نوێوە دەتوانێ لێبڕاوانە بەسەرەنجام بگات. بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران و بەتایبەت بەشە چەپ و سۆسیالیستییەکەی دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەڵمەتەدا هەبێت. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە یەک هەنگاوی سەرکەوتن و ڕژیم لەسەر هەڵدێری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێحیجابییە.

***

## کۆبوونەوەی دەورەیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەڕێوەچوو!

کۆبوونەوەی دەورەیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ١٨ و ١٩ی مانگی خاکەلێوە ڕێکەوتی ٦ و ٧ی ئاوریل بە بەشداریی چەندین هەیئەت لەلایەن پارت و ڕێکخراو و هێزەکانی بەشدار لەم شۆڕایە لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەچوو. ئەم کۆبوونەوەیە کە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستیپێکرد، دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوەی چڕوپڕ کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. لە باسەکانی ئەم کۆبوونەیەدا بەپێی ئەو دەستووری جەلەساتەی کە پێشتر لەسەریان توافوق کرابوو تیشک خرایە سەر هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەسەر بەستێنی لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە و هەلومەرجی خەباتی چینایەتی و ڕێکارە کاریگەرەکان بۆ باشترکردنی بواری چۆنایەتیی چالاکیی شۆرا لە دەورەی ئێستادا.

ئەم کۆبوونەوەیە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە شەش مانگ لە شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی ڕێکخراوی کۆنەپەرست و ئیسلامیی حەماس تێدەپەڕێ. لەم ماوەیدا لەحاڵێکدا کە دەوڵەتی نەتانیاهۆ لە ناردنی هەرجۆرە یارمەتییەکی مرۆڤدۆستانە و پزیشکی ڕێگریی کردووە، ئەمریکا و ئەندامانی دیکەی ناتۆ لە ئورووپا وێڕای پشتیوانیی بێ شەرت و مەرج لە دەوڵەتی ئیسرائیل، بە ناردنی بێپسانەوەی یارمەتیی دارایی و نیزامی بەکردەوە لەم کۆمەڵکوژی و شەڕە ماڵوێرانکەرە لەدژی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لە غەززە بەشدارییان کردووە. لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ئیسرائیل تەنانەت لە قاتی و برسێتی و قەتڵوعامی منداڵان وەک ئامرازێکی جەنگی بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵکی فەلەستین کەڵکی وەرگرتووە، بزووتنەوەی هاوپشتیی جیهانی بەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و بۆ بەرگری لە ئازادیی فەلەستین، نەک هەر دەوڵەتی ئیسرائیل بەڵکوو توانیی دەوڵەتانی پشتیوانی ئەویش لەناو ئازادیخوازانی جیهاندا ڕیسوا بکات. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەم کۆبوونەوەیەدا بۆ جارێکی دیکە داگیرکاری و نەسلکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیلی دژبە خەڵکی غەززە مەحکووم کرد و هاوپشتیی خۆی لەگەڵ خەباتی نەتەوەی فەلەستین بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و بۆ ئازادیی فەلەستین ڕاگەیاند.

سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران هەموو هێزەکان جەختیان لەسەر ئەو ڕاستییە کردووە کە قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، گرانیی بەرین، پەرەسەندنی کارەساتباری

بێکاری، حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت و ئاستی بێوێنەی ئازارە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەسەندنی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و ئاخێزە جەماوەرییەکانی کردووەتە بابەتێکی حەتمی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەریی خستووەتە ئاسۆوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەربەستە ئابوورییەکان و ئەولەوییەتەکانی بۆ پاراستنی دەزگای سەرکوت و دابینکردنی بواری دارایی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" لەسەر ئاستی ناوچەکە، توانای هیچ چەشنە گۆڕانکارییەکی لە ژیانی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا بە مەبەستی دامرکاندنی نارەزایەتییە جەماوەری و کرێکارییەکان نییە. سەرانی حکوومەتی ئیسلامی لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا یەکجار لەوە دەترسێن کە چکۆلەترین پاشەکشە لە سیاسەتەکانی هەتا ئێستایان، ڕووحیەی تەعەرروزی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان پەرەپێبدات و ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانی یەکجاریی نیزامە سیاسییەکەیان. لەم ڕووەوە سیاسەتی ستراتێژیکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لەسەر پێ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی، هەروا لەسەر بنەمای هەوڵ بۆ یەکدەستکردنی ئۆرگانەکان و سێ دەزگاکەی حکوومەت و پەرەپێدانی سەرکوتە. لە بەرامبەردا کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز و ڕاپەڕیوی ئێران بە خەباتی خۆیان و بە تێکشکاندنی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن نیشانیان دا کە هیچ سازشێکیان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداراندا نییە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیان بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

کۆبوونەوەی حزووریی شۆڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بە ئاگاداربوون لەو حەقیقەتە کە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی کە هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتیی بەدەستهێنابێ و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بۆ تێپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان ئومێدی پێ ببەستن، کە بێگومان یەکێک لە کەموکوڕییەکان و خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە، لەسەر گەشەپێدان و بەهێزکردنی چالاکییەکانی خۆی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کەموکوڕییانە جەختی کردەوە. کۆبوونەوەی شۆڕای هاوکاری وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر گرینگیی بەهێزکردنی ئاسۆی سۆسیالیستی لەناو کۆمەڵگا وەک تەنیا بەدیل بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، تیشکی خستە سەر پێویستیی ڕەخنەی لێبڕاوانە لە ستراتێژی سیاسی و پڕۆژەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست، لە سەڵتەنەتخوازەکانەوە هەتا ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ و کۆماریخوازانی لایەنگری ڕۆژئاوا، کە ئامانجیان بەلاڕێدابردن و شکستی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە. لیبراڵە کۆماریخوازەکان کە بۆ ڕووخاندنی نەرم و هێمنانەی کۆماری ئیسلامی نەخشە دادەڕێژن، لە باشترین حاڵەتدا لە جیاتی حکوومەتی دیکتاتۆری ئیسلامی و سەرمایەداریی ئێستا خوازیاری دەسەڵاتێکی سەرمایەدارین بە دیکتاتۆریی غەیری دینییەوە.

هەروەها کۆبوونەوەی شۆڕای هاوکاری بۆ شکڵدان بە بەدیلێکی سۆسیالیستی، لەسەر گرینگیی وڵامدانەوە بە ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای پێشڕەویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر گرینگیی دارشتنی سیاسەت بۆ یەکگرتوویی ئاراستەی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و باقیی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر یارمەتیدان بە بابەتی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە تەئکیدی کرد.

کۆبوونەوەی شۆڕا لەپێناوی وەدیهێنانی ئەم ستراتێژییە و بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی شۆڕا لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی قۆناغی ڕابردوو و کەموکوڕییەکان، بوارە جۆراوجۆرەکان لەوانە ئەولەوییەتەکانی چالاکیی شۆڕا لە




ناوەوەی وڵات، چۆنیەتیی چالاکیی مەیدانی لە دەرەوەی وڵات، تەبلیغات و تەلەڤیزیۆنی "ئاڵتێرناتیڤی شۆڕایی" و چۆنیەتیی تەقویەت و باشترکردنی چالاکییەکانی دیکەی شۆڕای دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە پەیوەند لەگەڵ ناوەوەی ئێران، شۆڕا لەسەر ئەولەویەت دانان بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ چالاکان و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و چەپەکان لە ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕێوەبردنی کاری پڕۆژەیی سەبارەت بە پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بۆ نموونە بژێو و حەقدەست و ... تەئکیدی کرد.

لە پەیوەند لەگەڵ چالاکی لە دەرەوەی وڵات، شۆڕا وێڕای جەخت کردن لەسەر چالاکیی سەربەخۆ خاڵەکانی خوارەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا پەسند کرد:

١- شۆڕای هاوکاری هەوڵ دەدات لە هەر شوێنێک لە دەرەوەی وڵات کە هێزەکانی ئەم شۆڕایە چالاکیی دەکەن بەشێوەی گونجاو خۆی هاوئاهەنگ بکات. ئەم هاوئاهەنگییە هاوئاراستە لەگەڵ سیاسەتەکانی شۆڕا لەڕێگەی نوێنەرانی شۆراوە بەڕێوە دەچێت.

٢ - شۆڕا لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانیدا هەوڵ دەدات لەگەڵ ناوەند، شۆڕا و باقیی هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و هەروەها کەسانی سەربەخۆی چەپ و ئازادیخواز هاوکاری بکات.

٣ - چالاکیی شۆڕا لە دەرەوەی وڵات لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ئاکسیۆن، سیمیناری حزووری و ئانلاین و پەیوەندی گرتن لەگەڵ ناوەندە پێشکەوتنخوازە نێونەتەوەیی و ئەنترناسیۆنالیستەکان بەڕێوە دەچێت.

کۆبوونەوەی شۆڕا سەبارەت بە بابەتی بانگەشە و تەبلیغات، لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی چالاکییەکانی تەلەڤیزیۆنی "ئاڵتێرناتیڤی شۆڕایی" و بەهێزکردنی چالاکییەکان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەجۆرێک کە ئەم تریبوونانە لە خزمەت ڕەنگدانەوەی چالاکیی توێژێکی بەرینتر لە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بن، تەئکیدی کرد.

ئەم کۆبوونەوەیە لە پێوەند لەگەڵ پەرەپێدانی شۆڕا بە پشتبەستن بە گفتوگۆکان، جەختی سەرەکی خۆی خستە سەر گەشەکردن لەڕووی چۆنایەتییەوە. کە بە واتای هاوئاهەنگی و هاوکاریی زیاترە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان لەئاستی کۆمەڵگەدا. هاوکات پەرەپێدانی دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ ئەو ناوەند و شۆڕا و هێزانەی کە لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕا هاوئاراستەن تەئکیدی لەسەر کرا.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لەماوەی کۆبوونەوەی پێشووی شۆڕا هەتا ئێستا "ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری" بە کۆڕی "شۆڕای هاوکاری" پەیوەست بووە و "سازمانی ئیتحادی فەدائیانی کۆمۆنیست" چیتر لەم شۆڕایەدا چالاکی ناکات.

هەڵسەنگاندنی بەشداربووان لەم کۆبوونەوەیە ئەرێنی بوو و چارەسەرە پێشنیارکراوەکان نیشانەی هەستی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ و هەوڵی کاریگەرتر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرک و چالاکییانە بوون کە لەم بارودۆخە گرینگە سیاسییەدا پێویست و حەیاتین.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

٢٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٣هەتاوی

١١ی ئاوریلی ٢٠٢٤ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلییەت) و هەستەی ئەقەلییەت


***

# ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، "سەبری ستراتیژیک" یان سەبری زەلیلانە

بەدوای هێرشی مووشەکی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر بینای کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دیمەشق لە ڕۆژی ١٣ی مانگی خاکەلێوە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامی حکوومەتی ئیسلامی هەتا ئێستا گەلێک جار هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لە ئیسرائیل کردووە. بەهۆی ئەم هێرشەوە بینای کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی تێکڕووخا و لانیکەم حەوت ئەندامی سپای پاسداران، لەوانە دوو فەرماندەی باڵا "محەممەد ڕەزا زاهدی" کە لە هەمان کاتدا ئەندامی شۆرای فەرماندەیی حزبوڵڵای لوبنانیش بوو، وە جێگرەکەی "محەممەد هادی حاجی ڕەحیمی"، بەرپرسی هاوئاهەنگی هێزی قودسی سپای پاسداران کوژران. عەلی خامنەیی ڕۆژ چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە بێجگەلە وتارەکەی لە موسەلای تاران بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا بە بەشداری کاربەدەستانی سیاسی و نیزامی بۆ چوارەمین جار باسی هێرشە مووشەکییەکەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی کرد. خامنەیی پێشەکی باسەکەی خۆی بە هەڕەشەکردن لە ژنان بۆ ڕەچاوکردنی حیجابی زۆرەملە و ئەویکە ناوی نا "بەهاشکێنی" دەستپێکرد و بۆ جارێکی دیکە فەرمانی ئاتەش بە ئیختیاری لەدژیان دەرکرد. پاشان سەبارەت بە بابەتی سەرەکی واتە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانە و کوژرانی ئەو حەوت کەسە قسە و باسەکانی دەستپێکرد. خامنەیی بەبێ ناوبردنی ئەوان وتی: "ئێمە داغداری شەهیدانمان بووین بەڵام ئەوان کامڕەوا بوون و بە ئامانجیان (شەهادەت) گەیشتن". پاشان بەشێوەیەکی نامەعلووم و بە بێ دیاریکردنی کات و شوێن و جۆری کاردانەوە، بۆ جارێکی تر هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیسرائیل کرد و وتی: "سەهیۆنیستەکان هێرشیان کردە سەر کۆنسوولخانەی ئێمە، واتە هێرشیان کردە سەر خاکی ئێمە. ئەم ڕژێمە نگریسە هەڵەی کرد و دەبێ تەنبێ بکرێ و تەنبێش دەکرێ". وتەکانی خامنەیی بە دروشمی "مەرگ بۆ ئیسرائیل" لەلایەن بەشداربووانەوە وڵامی پێدرایەوە. خامنەیی لە هەمان کۆبوونەوەدا بە حاڵەتێکی تووڕە و بێهیوایانە هێرشی کردە سەر هەندێک لە دەوڵەتانی ئیسلامی کە یارمەتی ئیسرائیلیان داوە و ئەوانی بە خەیانەت بە "ئۆمەتی ئیسلامی" تۆمەتبار کرد.

هەڵبەت ئەمە یەکەم جار نییە کە ئیسرائیل چ لە ناوەوەی ئێران و چ بەتایبەت لە سووریە، هێز و دامەزراوە و بنکە و ئەنبارە تەسلیحاتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکاتە ئامانج. کوشتنی زانایانی ئەتۆمی لەناو خاکی ئێران، کوشتنی فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و باقی مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان، سووریە، عێراق، دزین و بردنەدەری ٥٥ هەزار لاپەڕە لە بەڵگەی زانیاری و سەدان دۆسیەی چالاکی ئەتۆمی ڕژێم لە ساڵی ٢٠١٨، بەشێک لەو چالاکیانە بووە کە دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داوە. بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر کۆماری ئیسلامی. هێرشی مووشەکی ئەم جارەی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانەی حکوومەتی ئیسلامی لە کاتێکدا کە لەوێ کۆبوونەوەی فەرماندە نیزامییەکانی سپای پاسداران لەگەڵ بەرپرسانی نیزامی حەماس و حیزبوڵڵا و هتد، لەئارادابوو، بۆ ڕێبەرانی ڕژێمی ئیسلامی چاوەڕوان نەکراو بوو. بەڕێوەچوونی وەها کۆبوونەوەیەک یەکەم، ڕۆڵ و دەخاڵەتی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لەڕێگەی گرووپە ئیسلامییەکانی نزیک لە خۆی سەلماند و دووهەم، ئیدیعای درۆینەی ڕژێمی ئیسلامی ئاشکرا کرد کە دەڵێ لە سووریە حزووری نیزامی نییە و تەنها بۆ ڕاوێژکاری و حمایەت لە حەرەمی زەینەب لەوێیە.

دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و کابینە جەنگییەکەشی سەرەڕای هەموو جەنایات و جینۆسایدێک کە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوو لە غەززە لەدژی خەڵکی بێدیفاع ئەنجامیان داوە،



نەیانتوانیوە بە ئامانجی خۆیان بگەن و سەرەڕای کۆمەک و پشتیوانی ماڵی و تەسلیحاتی بەرینی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی ناتۆ، حکوومەتی ئیسرائیل لەم شەڕەدا گەیشتووەتە بنبەست. دەوڵەتی نەتانیاهۆ بەهۆی جەنایاتی جەنگی بێ ئەژمار کە دژبە خەڵکی ستەملێکراوی غەززە ئەنجامی داوە کەوتووەتە بەر ڕق و بێزاری بیروڕای گشتی جیهانەوە و لە ناوەوەی ئیسرائیلیش لەژێر گوشاری خەڵکی ناڕازیدایە بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕەی کە هەزینەی قورسی گیانی و ماڵی و مەترسی ئەمنییەتی بەسەردا سەپاندوون. لە وەها بارودۆخێکدا نەتانیاهۆ و کابینە ڕاستە توندئاژۆ و ڕەگەزپەرستەکەی بەدوای دەرفەتێکەوەن بۆ ئەوەی بەرینایی ئەم شەڕە پەرە پێبدەن و کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا بکێشنە ناو شەڕی ڕاستەوخۆوە و لەم ڕێگەوە ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواش بۆ بەشداری نیزامی و پشتیوانیکردن، بەرەوڕووی کاری ئەنجامدراو بکەنەوە. لە وەها کەشوهەوایەکدا بەگوێرەی ڕاپۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤی سووریە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جارێکی تر لە باکووری شاری "دەرعا" ئەنبارەکانی کەرەستەی نیزامیی سووریە و گرووپە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆردومان کرد.

واقیعیەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیش لەبواری سیاسی و ئابووری و ناوخۆییەوە لە بنبەست و قەیرانی قووڵدا گرفتارە. کرێکاران و بەش مەینەتان و جەماوەری وەگیانهاتوو لە بارودۆخی ئێستا لە ناوخۆی ئێران دەمێکە شەڕێکی چارەنووسسازیان لەدژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەستپێکردووە. ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٦٩ و خەزەڵوەری ٨٩ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی مەیدانەکانی ئەم شەڕە بوون کە پایەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیيان خستووەتە لەرزە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پشتی جەبهەیەکی ئەمنی نییە و ئەگەر بچێتە ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلەوە، بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دیکە ئەتەنیا بە شەڕخوازی ڕژێمی ئیسلامی چاوترسێن نابن، بەڵکوو ئاراستەی هێرشبەرانەتر دەگرنە بەر و شەڕی کۆنەپەرستانە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەنە شەڕی ناوخۆیی بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی ئیسلامی لەژێر داروپەردووی شەڕی کۆنەپەرستانە لەگەڵ ئیسرائیل دەنێژن.

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل لە وەڵام بە هەڕەشەکانی خامنەیی ڕایگەیاند کە هەرجۆرە هێرشێکی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ئیسرائیل، لە ناو خاکی ئێراندا وڵام دەدەنەوە. لەم پەیوەندەدا شەوی چوارشەممە ٢٢ی مانگی خاکەلێوە جۆوی بایدن سەرۆک کۆماری ئەمریکاش لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ جارێکی دیکە لەسەر پشتیوانی ئەمریکا لە ئیسرائیل جەختی کردەوە و وتی: "بە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلم وتووە کە بەڵێنی ئێمە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل بەرامبەر بە هێرشی کۆماری ئیسلامی پۆڵایینە". بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەمریکا ناوەرۆکی ئەم هۆشدارەی لەڕێگەی دەوڵەتانی عێراق، قەتەر، عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات بە کۆماری ئیسلامی گەیاندووە.

ئەگەرچی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانەی ڕژێم، بۆ کۆماری ئیسلامی و بەرەی موقاوەمەتەکەی مایەی سووکایەتی و سەرشۆڕییە، بەڵام خامنەیی و ڕێبەری سپای پاسداران هەتا ئێستا بێجگەلە هەڕەشە و جەنجاڵی تەبلیغاتی، نەیانتوانیوە هەوڵێکی کرداری و جیددی دژبە ئیسرائیل ئەنجام بدەن. بەڵام لە هەوڵی ئەوەدان تا بەڵکوو بتوانن لەڕێگەی دیپلۆماتیکەوە بە ئامانجی ناوخۆیی و بۆ ڕازیکردنی لایەنگران و پشتیوانانیان، ڕێگایەک بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی نیزامی تەنانەت درۆینە لە جۆری ئەویکە لە "عەینولئەسەد" ئەنجامیان دا دژبە ئیسرائیل بدۆزنەوە. وە یان شایەد بیانهەوێ بە قەولی خۆیان بە "سەبری ستراتێژیک" تەحەمولی ئەو تەحقیر و داماوییە بەرامبەر بە ئیسرائیلیش بە تێپەڕینی کات بسپێرن. سەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانن کە سەردەمی شەڕی نیابەتی دژبە ئیسرائیل بەسەرچووە. ڕژێمی ئیسلامی ئەگەر شەڕی نیابەتی لەگەڵ ئیسرائیل درێژە بدات، دەبێ ڕیسکی کەوتنە ناو شەڕی ڕاستەوخۆش قەبووڵ بکات. دەوڵەتی ئیسرائیل بەهۆی ئەو بنبەست و قەیرانانەی بەرەوڕووی بووەتەوە دەیهەوێ شەڕی نیابەتی ڕژێمی ئیسلامی بکاتە شەڕی ڕاستەوخۆ بۆ لێدان لە سەری مارەکە.

***

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## بژی یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار

یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار بەڕێوەیە. کرێکاران و لەشکری ستەمدیدەی ڕەنج و کار و چەوسانەوە لەم ڕۆژەدا فرسەتی ئەوە پەیدا دەکەن تا بۆ جارێکی تر لەسەر جیهانی بوونی خۆیان، لەسەر ژان و ڕەنجی هاوبەش و ڕێگاچارەی چینایەتییان پێداگری بکەن.

سەرمایەداری هەوسارپچڕاوی سەردەمی ئێستا، مرۆڤایەتی و ژیانی سەر گۆی زەویی بەرەوڕووی مەترسی کردووەتەوە و گەیاندوویەتە سەر سنووری لەناوچوون. شەڕ و وێرانی و کوشتار، برسیەتی و نائەمنی و ئاوارەیی و ئاکامە دژەئینسانییەکانی، ژیانی مرۆڤایەتی لەئاستێکی چند ملیاردیدا بەرەوڕووی نابوودی کردووەتەوە.

بەڵام هیچ کام لەم نەهامەتییانە چارەنووسی حەتمی کۆمەڵگا و مرۆڤی ئەمڕۆ نییە. ئێمەی کرێکاران و هێزی ملیاردی کار، خاوەنانی سەرەکی ئەم جیهانە پڕ لە نیعمەت و سەروەت و ئیمکاناتەین. دەتوانین و تەنانەت بە واتایەکی تر ناچارین بۆ گۆڕینی ئەم بەربەریەتە بێینە مەیدان و خۆمان و هەموو کۆمەڵگا لەم ژان و ئازار و قەیرانانەی نیزامی سەرمایەداری ڕزگار بکەین.

لە یەکی مانگی ئەیاردا دەبێ دەنگی ڕەسای ئێمە لە هەموو جیهان دەنگ بداتەوە.

کرێکارانی جیهان یەکگرین!

یەکگرین بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و بۆ لەناوبردنی خاوەنداریەتی تایبەت بەسەر ئامرازی کار و بەرهەمهێنان، بۆ بەهرەمەندکردنی هەمووان لە نیعمەتە بێ ئەژمارەکانی کۆمەڵگا. ڕۆژی کرێکار ڕۆژی ئەم بانگەوازە چینایەتی و جیهانییەی ئێمەیە! ڕۆژی هیچ ئایین و کلتوور و نەتەوە و ڕەگەزێکی تایبەت نییە. ڕۆژی بانگەوازی ئێمە بۆ شۆڕشی کرێکاری و بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتییە و هیچی تر.

چینی کرێکاری ئێران وەک بەشێک لەم ئەرتەشە میلیاردییەی کار، بەرەنگاری ئەو چەوسێنەرانە بووەتەوە کە دەسەڵاتی سەرمایەدارانەیان بە زەبری ئایین و کۆنەپەرستی بەڕێوەدەبەن. خەباتی چینی کرێکاری ئێران لەدژی ڕژیمی ئیسلامی بۆ بەرگری لە ژیان و لەدژی زۆرداری خاوەنانی کار بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە بێپسانەوە بەردەوام بووە.

پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی، دژواری و بێمافی بەرینی بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشدا سەپاندووە. بێکاری، لەسەر کار دەرکردن، گرانی و داسەپاندنی حەقدەستی ژێر هێڵی هەژاری و تەنانەت بەبارمتەگرتنی حەقدەستی دواخراو، هێرشی ڕاستەوخۆی سەرمایەداران بۆ سەر ژیان و سفرەی کرێکاران و بنەماڵەکانیان بووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە چینی کرێکار لە هەموو ئەم بوارانەدا بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خۆی بەردەوام لە گۆڕەپانی خەباتدا بووە و نەسرەوتووە.

مانگرتنە کرێکارییەکان لە ناوەندە گەورەکان و ناڕەزایەتی هەمیشەیی مامۆستایان و خانەنشینان چەند نموونەن لە بەدواداچوونی چینی کرێکار بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی. لە یەکی ئەیاردا بۆ جارێکی تر لەسەر مافە ڕەواکانی خۆمان پێداگری دەکەین. لە کارخانە و کارگە، مامۆستا و خانەنشین، هەر هەمووان، لێبڕاوانە نەبەردمان لەدژی ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی، لەدژی گرانی و هەژاری و فەلاکەت و لەپێناوی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی درێژە دەدەین.




لە کوردستان سەرەڕای هەموو دژوارییەکان و فشاری سەرمایەداران و داسەپاندنی دیاردەی دژەئینسانی کۆڵبەری بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ناڕەزایەتی و خەبات دژبەم بارودۆخە فەلاکەتبارە بەردەوام لەئارادا بووە. لە کرێکاران و ڕیزی سۆسیالیستی کۆمەڵگای کوردستان، کە مێژوویەکی نەک زۆر درێژ بەڵام دەرەوشاوەیان لە ڕێزگرتن لە یەکی ئەیار هەیە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە بە ئامادەیی و بە بەرنامە لەم ڕۆژە چینایەتییە پێشوازی بکەن. چ لە سەردەمی درەوشاوەی ڕێوڕەسمە شکۆمەند و جەماوەرییەکانی ساڵەکانی شەست و چ ساڵەکانی دواتر و هەتا بە ئەمڕۆ، یادی ئەوەڵی مەی لە کوردستان بەردەوام و بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێزی لێ گیراوە. لە کەشوهەوای ناڕەزایەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران و لە هاوسەنگی ئێستای هێزدا، پێویستە بە کارامەیی و نەخشەمەند بۆ ڕێزگرتن لە یەکی ئەیار ئەمساڵ دەست بە کار بین.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە هەموو کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز، داوا لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری و سۆسیالیست لە کوردستان دەکات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێ، بەتایبەت بە کۆبوونەوە لە شارەکان و بە ڕێوڕەسمی وتاربێژی و شادی، ڕێز لە ڕۆژی کرێکار بگرن. لە ڕۆژی کرێکاردا پێویستە هەموو خەڵکی کۆمەڵگا بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە و هەوڵ بۆ هاوپشتی و یەکگرتوویی زیاتر بانگەشە بکرێن.

بژی یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانیی کرێکار!

بژی سۆسیالیزم!

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٤ی ئاوریلی ٢٠٢٤ی زایینی

***

# بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران بەبۆنەی پەنجا و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەم ناوەندە

## ”ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین پێویستییە“

پەنجا و شەش ساڵ لەمەوبەر، لە مانگی گوڵانی ١٣٤٧ی هەتاوی زەروورەت و ”پێویستییەک“ کۆمەڵێک لە شاعیران و نووسەرانی لە دەوری یەک کۆکردەوە؛ پێویستیی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سینفیی بە بێ بەسترانەوەی بە هیچ دەسەڵات و ناوەندێکی حکوومەتی و بەرامبەر بە پێکهێنانی کۆنگرەی فەرمایشیی بەناو ”کۆنگرەی نووسەران و شاعیران و وەرگێڕان“. ئەوان بەدروستی بەوە گەیشتبوون کە ئامانجی ئەمجۆرە بەرنامانە چاوەدێری و زاڵکردنی حکوومەتە بەسەر ئەهلی قەڵەم و سەرپۆشکردنی سەرکوتی دەنگی سەربەخۆ و زەبروزەنگ بەسەر کۆمەڵگەدایە؛ دەیانزانی کە داهێنان و پشکووتنی ڕاستەقینەی هونەر و ئەدەب تەنها لەژێر سێبەری ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین دێتە دێ و سنووردارکردنی زەین و زمانی ئینسان، سووکایەتی و بێ ڕێزی بە ئینسانە. ئەوان دەیانزانی بەرەنگاربوونەوەی شێوازە نوێیەکانی سانسۆر و بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەربڕین پێویستی بە فۆرم و ڕێکخستنێکی نوێ هەیە. بۆیە کۆبونەوە و نەخشەی دامەزراندنی ناوەندێکی نوێیان دارشت: ناوەندی نووسەرانی ئێران.

پەنجا و شەش ساڵ بەسەر دامەزراندنی تاکە ڕێکخراوی سەربەخۆ و پایداری ئەهلی قەڵەم لە ئێران تێدەپەڕێت. ئەمڕۆ بە چاوگێڕانێک بەسەر مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەم ناوەندە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕووناک ڕاگرتنی وەها

چرایەک لەم وڵاتەدا لەژێر سایەی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان، چەندە دژوار و تاقەتپڕووکێنە. هەڕەشە و گرتن و ئەزیەت و ئازاری ئەندامان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، کە بە ناچار بووە هۆی داخستنی کاتی و هەندێکجاریش درێژخایەن لە قۆناغە جیاوازەکاندا؛ کوشتنی ئەندامە کاریگەر و پابەندەکانی لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتا؛ بانگکردنی یەک لە دوای یەکی ئەندامان لەماوەی ساڵانی




ڕابردوو و پەروەندەسازی و دەرکردنی حوکمی زیندانی درێژماوە بۆیان و ... نیشانی دەدات کە زیاتر لە نیو سەدە خەبات لەدژی سانسۆڕ و لەپێناوی بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین، پێداگری لەسەر هەڵوێستی ئازادیخوازانەی مەنشوور و ئەساسنامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران، بەڕاستی کارێکی گەورە و گران بووە!

ئەمڕۆ لە ئاکامی ساڵەها هەوڵی بەردەوام و لێبڕاوانەی کەسانێک کە ژیان و تەمەنی خۆیان لەم ڕێگایە داناوە، خەبات لەدژی سانسۆڕ و لەپێناوی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین بووەتە داخوازییەکی گشتی. ئەم زەرووڕەتە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا گەلێک جار بە دەنگی ڕەسا هاوار کرا.

لە پەنجا و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ناوەندی نووسەرانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی لە یاران و ئەهلی قەڵەم، یادی گیان بەختکردووانی ڕێگای ئازادی – ئەحمەد میرعەلایی، غەفار حسێنی، محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پوویەندە و بەکتاش ئابتین – و سەرجەم یارانی کۆچکردوومان کە بە نووری ژیانیان بەشێک لەم ڕێگا دوور و هەناسەبڕەیان بۆ ڕووناک کردووین، بەرز ڕادەگرین.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠٣

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## سەبارەت بە مەحکوومکردنی کێشمەکێشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل و ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی کۆنەپەرستانە

شەوی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی بە ١٨٥ درۆن و ١١٠ مووشەکی بالیستیک و ٣٦ مووشەکی کروز ئیسرائیلی کردە ئامانج کە زۆربەیان لەلایەن سیستمی بەرگریی نیزامی لە دەرەوەی ئیسرائیل خرانە خراوەوە و ژمارەیەکی یەکجار کەم گەیشتنە ئەم وڵاتە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکات کە وەڵامی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە کە بووە هۆی کوژرانی فەرماندەکانی سپای پاسداران. حکوومەتی ئیسرائیلیش ڕایگەیاندووە کە لە کات و شوێنی گونجاودا وەڵامی ئەم هێرشە سەربازییە دەداتەوە. پەرەسەندنی ململانێی سەربازیی نێوان دەوڵەتانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل ئاگری شەڕێکی کۆنەپەرستانەی تەواو لە ناوچەکەدا دادەگیرسێنێت کە دژ بە بەرژەوەندی جەماوەری خەڵکی هەردوو وڵات و ناوچەکەیە و جگە لە وێرانکاری و کوشتن و ئاوارەیی و گرانی هیچ ئاکامێکی تری نابێ.

بەرەیەکی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و دژەئینسانە، دەوڵەتی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامییە. دەسەڵاتێکی دینی، دیکتاتۆر، تیرۆریست، دژەکرێکار و دژەخەڵکی کە کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو وێرانی بردووە، بۆشایی چینایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر کردووەتەوە و هەموو جۆرە ناڕەزایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرکوت دەکات. ئەم ڕژیمە لەگەڵ هێزە نیابەتییەکانی لە ناوچەکە بە شوێن ئامانجی زێدەخوازانە و کۆنەپەرستانەوەیە و ئیدیعای درۆینەی دیفاع لە خەڵکی فەلەستین دەکات. بەرەیەکی دیکەی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە، دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری ئیسرائیلە کە دوژمنی خەڵکی فەلەستین و ئازادیخوازانی ئیسرائیلە. ململانێکانی ناوچەکە لە دوای هێرشی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبەر بۆ سەر ئیسرائیل کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیل گیانیان لەدەستدا، پەرەی ستاندووە. کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی ئەم هێرشەیان بە سەرکەوتن ڕاگەیاند. لە تۆڵەی ئەم هێرشەدا، دەوڵەتی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتیی نەتانیاهۆی قەساب، بە بۆمباران، بە هاوپشتی مووشەک و هێرشی نیزامیی زەمینی، غەززەی وێران کردووە و بەهۆیەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٣ هەزار کەس کوژراون کە زۆربەیان منداڵان و ژنان بوون. زۆربەی حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا کوشتنی خەڵکی ئاساییان لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە بە "مافی بەرگریکردن لە خۆ" وەسف کرد و لەم دەوڵەتە ڕەگەزپەرست و داگیرکەرە پشتیوانییان کرد.

لە ماوەی شەش مانگی هێرشە بەردەوامەکانی حکوومەتی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، سیاسەتی گەمارۆدان و برسیکردنی خەڵکی غەززە ڕووبەڕووی کاردانەوەی بەرینی ڕای گشتی و خەباتی کۆمەڵایەتی بووەتەوە و حکوومەتەکانی ڕۆژئاوای ناچارکردووە فشار بخەنە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی ئاگربەست قبوڵ بکات. حکوومەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل دوای شکستی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی لە غەززە و گۆشەگیری لەئاستی جیهاندا بەهۆی کۆمەڵکوژی لە غەززە، هێرشی کردە سەر کۆنسوولخانەی ڕژیمی ئیسلامی و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی کوشت تا کۆماری ئیسلامی بێنێتە ناو شەڕی ڕاستەوخۆوە و لەم ڕێگەوە مەسەلەی غەززە بخاتە پەراوێزەوە. کۆماری ئیسلامی کە لە مەنگەنەی فشاری ناوخۆیی و هێزە نیابەتییەکانیدا بوو، هەروەها بەخاتری ڕێگری لە ئیمکانی شکستی سیاسەتی بەرگرانە و کەوتنە پەراوێز لە ناو هاوپەیمانانی، بژاردەی هێرشی نیزامیی ڕاستەوخۆی بۆسەر خاکی ئیسرائیل هەڵبژارد. لەگەڵ هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ئیسرائیل بارودۆخی




ناوچەکە گۆڕدراوە و چووەتە قۆناغێکی نوێوە کە زەمینەسازی پەرەسەندنی نیزامیگەری و شەڕی ڕەسمی و ئاشکرایە. زۆربەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و جیهان لەوانە ڕووسیە و چین لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕ لە ناوچەکەدا نین. حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان سەرەڕای پشتیوانییان لە ئیسرائیل، گەلێک جار ڕایانگەیاندووە کە خوازیاری چارەسەری دیپلۆماتیک بۆ ئەم کێشمەکێشانەن و دژی پەرەسەندنی شەڕن. ئەمریکا کە پشتیوانی سەرەکیی ئیسرائیلە ڕایگەیاندووە کە کاردانەوەی ئیسرائیل بەم هێرشە نیزامییە نابێ ببێتە شەڕێکی یەکجاری.

لەڕاستیدا جیهان لە ژێر سایەی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا لە قەیرانێکی ئاڵۆزدایە. شەڕەکانی ئوکراین و غەززە، ئاکامەکانی لاوازبوونی هەژموونی ئەمریکا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زیادبوونی قەیرانی سیاسی و سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی هاوچەرخ بەرەو جەنگ و میلیتاریم دەبات، کە ئەوەش جگە لە کۆمەڵکوژی و وێرانکاری هیچ ئاکامێکی تری نییە. ئەرکی هەموو هێزێکی چەپ و کۆمۆنیست، هەموو هێزێکی پێشکەتنخواز و هەر ئینسانێکی شەریف و ئازادیخواز، شەڕمەزارکردنی شەڕخوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ئایینی لەوانە دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی دوژمنی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز و ستەملێکراوی ئێرانە. لەئێستادا سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژیمی ئیسلامی بە هێرشی نیزامیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. ئەم ڕژێمە هەوڵدەدات ئاستی سەرکوت و زەبروزەنگ بە بیانووی هەلومەرجی جەنگ پەرەپێبدات و پاشەکشە بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بکات.

درێژەی سیاسەتی جەنگی دەبێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵگا و لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕدا، جەماوەری خەڵک بە قەتڵوعام و کوشتار، بە لەناوچوونی ژێرخانەکان، بە گرانیی بەرین و وێرانی و ئاوارەیی بەهاکەی دەدەن. کرێکاران، زەحمەتکێشان، ئینسانە ئازادیخواز و شەریفەکان، پێویستە بە هاوپشتی و بە موقاوەمەت بەرەنگاری ڕژیم و سیاسەتی شەڕخوازانەی بینەوە.

بڕووخێ کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی – بژی سۆسیالیزم

٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣

١٤ی ئاوریلی ٢٠٢٤

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## شەڕخوازیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل لە قۆناغی نوێدا

بەدوای هەڕەشەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژی ئیسرائیل، بەرەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٣، ڕێکەوتی١٤ی ئاوریلی ٢٠٢٤، سپای پاسداران و ئەرتەشی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەدان درۆن و مووشەکی کرووز و بالستیک هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکان و سەرچاوەکانی ئاگادار لە ناوچەکە زۆربەی هەرەزۆری ئەم مووشەک و درۆنانە بەر لەوەیکە بگەنە ئاسمانی ئیسرائیل لە لایەن سیستمی بەرگری و فڕۆکەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل و ئەمریکا و سیستمی بەرگریی بریتانیا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە خراونەتە خوارەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سرویسەکانی فریاگوزاریی ئیسرائیل هەتا ئێستا بەهۆی ئەم هێرشانەوە تەنیا کچێکی تەمەن دە ساڵ بەهۆی ”بەرکەوتنی تەرکەش“ەوە بریندار بووە. ئەم هێرشە بەرینە مووشەکی و درۆنییە بۆسەر ئیسرائیل و بەردانەوەی یەک لە دوای یەکی ئەم مووشەک و درۆنانە و هەراوهەنگامەی تەبلیغاتی، هەر هەمووی بەشێک لە سێناریۆیەکی لە پێشترەوە بەرنامەڕێژکراو بووە کە سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و فەرماندەکانی سپا لەڕێگەی وتووێژی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بەڕێکەوتن گەیشتوون. ئامادەباشی تەواوی فڕۆکە جەنگییەکانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و ئەمریکا و بریتانیا بۆ بەردانەوەی درۆن و مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێک لەم سێناریۆیە بوو. دوای کوژرانی حەوت فەرماندەکەی سپای پاسداران لە کۆنسوولخانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دیمەشق لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل، دوو هەفتە ”سەبری ستراتێژیک“ پێویست بوو تا هەیئەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی وتووێژی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم سێناریۆیە بەڕێکەوتن بگەن و ئیسرائیلیش ڕازی بکەن. ئەمجۆرە سێناریۆیانە یەکەم جار نییە کە بەڕێوە دەچێت. دوای کوژرانی قاسم سولەیمانیش هێزەکانی ئەمریکای نیشتەجێ لە عێراق بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پایەگای نیزامیی عەینولئەسەدیان لە پارێزگای ئەنبار بۆ چەند کاتژمێر چۆڵ کرد تا سپای پاسداران بە مووشەکبارانکردنی ئەم پایەگا چۆڵکراوە، داماوی و زەلیلیی خۆی لەئاست تیرۆری فەرماندەکانی سپای قودس و حەشدی شەعبی داپۆشێ.

بەڵام بە هەمووی ئەمانەشەوە پێویستە مەترسیی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژیمی هاری کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بە جیددی وەربگیرێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە شەڕێکی نیابەتیی لەگەڵ ئیسرائیل بەڕێوە دەبات. ئەم ڕژیمە لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە بەشێوەیەکی فریوکارانە و بە تەرخانکردنی هەزینەی زۆر، مەسەلەی فەلەستینی لەڕاستای ئامانجی



سیاسی و ناوچەیی خۆی بەکار هێناوە. خومەینی لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا دروشمی کۆنەپەرستانەی ”ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ“ هێناگۆڕی. ئەم دروشمە کە بە ئامانجی ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی دنیای عەرەب گەڵاڵە کرا لە ڕاستیدا ستراتێژی ڕژیمی ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لە ناوەندی قەیراناویی فەلەستین لەڕێگەی بەهێزکردنی گرووپە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان بوو. لە هەموو ئەم ساڵانەدا ڕێکخراوی ئیسلامیی حەماس یارمەتیی نیزامی و دارایی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی پێ گەیشتووە. سازمانی جیهادی ئیسلامیی فەلەستین لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین دامەزرا و ڕاهێنانی پێکرا. ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی سیاسی – سەربازیی حیزبوڵای لوبنانی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل و کاریگەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا دامەزراند. لە عێراقیشدا بە پێکهێنان و پاڵپشتیکردنی گرووپە سیاسی و سەربازییە شیعەکانی عێراق وەک ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق یان سپای بەدر هەوڵیدا ئاسانکاری و پێداویستییەکانی دەستێوەردانەکانی داهاتووی خۆی لەم وڵاتەدا دابین بکات. هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ڕووخانی سەدام حسێن و سەرهەڵدانی شیعەکان لە حکوومەتدا، ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی بۆ بەدواداچوونی پلانەکانی خستە دۆخێکی باشترەوە. لە درێژەی دەستێوەردانەکانی لە عێراق، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێکخستنی میلیشیای سەربازی حەشدی شەعبی ئامادەیی سەربازی خۆی مسۆگەر کرد و بە هاوکاری ئەو گرووپە ئیسلامییانە، لە کاتی قەیران و شەڕی سووریە، میلیشیایەکی تایبەتی خۆی لەم ناوەندە قەیراناوییەدا پێکهێنا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە یەکەم ڕۆژەوە بەردەوام دروشمی لەناوچوونی ئیسرائیلی وتووەتەوە و دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکای کردووەتە بەشێک لە ناسنامەی سیاسی خۆی، بە درێژایی ئەم ساڵانە شەڕی نیابەتیی لە دژی حکوومەتی ئیسرائیل بەڕێوە بردووە. سیاسەتی دەستێوەردانی نیزامیی ڕژیمی ئیسلامی لە ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەکە و شەڕی نیابەتی لەگەڵ ئیسرائیل کە دەمێکە بە نارەزایەتیی جەماوەری لە لۆبنان دژبە سیاسەتەکانی حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامی و بە نارەزایەتیی جەماوەری دژی دەخاڵەتگەریی ڕژیم لە عێراق تووشی شکست بووە، لەئێستادا کۆتایی هاتووە. درێژەدان بەم سیاسەتانە لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە جگە لە پەرەپێدانی شەڕ لە ناوچەکە هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

دەوڵەتی ئیسرائیل کە دوای شەش مانگ شەڕ و تاوان لە غەززە بە ئامانجە نیزامییەکانی واتە لەناوبردنی حەماس و ئازادکردنی بەدیلگیراوان نەگەیشتووە، لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا زیاتر ڕیسوا و گۆشەگیر بووە و لە ناوخۆش ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی توند بووەتەوە، زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە پەرەپێدانی شەڕە. دەوڵەتی ئیسرائیل بە هێرشی مووشەکی بۆسەر کۆنسوولخانەی ڕژیم لە دیمەشق بەکردەوە نیشانی دا کە دەیهەوێ بە ڕاکێشانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆ، دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ بێنێتە ناو شەڕێکی ناوچەییەوە. هەرچەندە حکوومەتی ئەمریکا و ناتۆ لەم جینۆسایدەدا هاودەستی حکوومەتی ئیسرائیلن، بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا پەرەسەندنی شەڕ هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان نابینن. بەڵام بەم حاڵەشەوە گاردێکی قایمیان لە بەرابەر شەڕخوازیی ئەم هاوپەیمانە ناوچەیی و ستراتێژیکەدا نییە.

واقعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیش لەبواری

سیاسی و ئابووری و ناوخۆییەوە لە بنبەست و قەیرانی قووڵدا گرفتارە. کرێکاران و بەش مەینەتان و جەماوەری وەگیانهاتوو لە بارودۆخی ئێستا لە ناوخۆی ئێران دەمێکە شەڕێکی چارەنووسسازیان لەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستپێکردووە. ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی مەیدانەکانی ئەم شەڕە بوون کە پایەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان خستووەتە لەرزە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پشتی جەبهەیەکی ئەمنی نییە و ئەگەر بچێتە ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلەوە، بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە نەتەنیا بە شەڕخوازیی ڕژیمی ئیسلامی چاوترسێن نابن، بەڵکوو خەباتی خۆیان هەتا ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەداران گەشە پێدەدەن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی لە بارودۆخی ئێستادا پەرەپێدانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل لەڕاستای بەرژوەند و مانەوەی نیزامی ئیسلامیدا نابینێت، بەڵام بە ئیدامەی ماجەراجویی و دەستێوەردانی نیزامی و بە درێژەدانی شەڕی نیابەتی لەگەڵ ئیسرائیل بەئاشکرا و بەکردەوە کۆمەک بە داگیرساندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەری ناوچەیی دەکات.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لە بەرامبەر ئەم دوو بەرە کۆنەپەرست و سەرمایەدارییەدا، لە بەرامبەر شەڕخوازیی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە بەرامبەر ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی کە چاوی هیوایان لەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە و لە دەخاڵەتی دەسەڵاتە دەرەکییان بڕیوە، ڕێگایەکیان بێجگەلە درێژە و پەرەپێدانی خەباتی خۆیان و فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نییە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدە بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا ئاسۆیەکی گەش بەڕووی کۆمەڵگای ئێراندا دەکەنەوە، بەڵکوو خەڵکی ناوچەکەش لە چنگ کۆماری ئیسلامی ڕزگار دەکەن. کۆمۆنیستەکان پێویستە بە ڕۆشنگەری سەبارەت بە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی شەڕ و کێشمەکێشی نێوان ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل ئەم ئاسۆیە بەهێز بکەن.

❊❊❊

## پیرۆز بێت ١٢ی گوڵان ڕۆژی مامۆستا
## ڕۆژی کرێکار و ڕۆژی مامۆستا پێکەوە بەڕێوەبەرین

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەباتی مامۆستایانی ئێراندا ڕۆژی ١٢ی گوڵان وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. ٦٣ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠دا هەزاران مامۆستا بە داخوازی بردنەسەری مووچەی مانگانە لە بەهارستان کۆبوونەوە و خوازیاری دیدار لەگەڵ سەرۆکی مەجلیس بوون. هێزەکانی پۆلیسی ڕژیمی پەهلەوی هێرشیان کردە سەر ئەم کۆبوونەوەیە و بە باتۆم و ئاوپاش هەڵیان کوتایە سەریان. لەم ڕۆژەدا سەرۆکی کەڵانتەری بەهارستان، سەرگورد ناسر شەهرستانی، بەرەو مامۆستایانی خەباتکار، لەوانە ئەبولحەسەن خانعەلی، مامۆستا و خوێندکاری قۆناغی دوکتورای فەلسەفەی تاران تەقەی کرد کە بەهۆیەوە گیانی بەختکرد و دوو مامۆستای دیکەش برینداربوون. لە ڕێکەوتی ٨١ی گوڵانی هەمان ساڵدا، کۆبوونەوەی بەرینی مامۆستایان، بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک ڕۆژی ١٢ی گوڵانی بە یادی مانگرتنی مامۆستایان و ڕێزگرتن لە یادی دوکتور خانعەلی، وەک ڕۆژی مامۆستا ڕاگەیاند و دیارییان کرد کە لەم ڕۆژەدا هەموو ساڵێ هەموو خوێندنگا و ناوەندە فەرهەنگییەکان لە سەرتاسەری وڵات دابخرێن. حکوومەتی پەهلەوی لەژێر گوشاری خەباتی مامۆستایاندا ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی مامۆستا بەفەرمی ناسی.

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە هەوڵی دا کە ئەم ڕۆژە مێژووییە لە ناوەرۆکی خەباتکارانەی خۆی بەتاڵ بکات. ڕژیمی ئیسلامی تیرۆری مورتەزا موتەهەری، سەرۆکی شۆرای دژەشۆڕشی ئیسلامی و یەکێک لە تیۆریسیەنە کۆنەپەرستەکانی لە یازدەی گوڵانی ١٣٥٨دا بە دەرفەت زانی و هەوڵی دا ١٢ی گوڵان ڕۆژی مامۆستا بەناوی ئەم تیۆریسیەنە کۆنەپەرستە ئیسلامییەوە بکات. بەڵام ئەم ساختەکارییە هیچکات لەلایەن کۆمەڵگەی مامۆستایانی ئێرانەوە قەبووڵ نەکرا و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەخاتری خەباتی مامۆستایان و مەرگی مامۆستای گیان بەختکردوو دوکتور خانعەلی، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی مامۆستا دەزانن.

لە ساڵی ١٤٠١ شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان لە بانگەوازێکدا ڕایگەیاند: ”لەو جێگەوە کە ڕۆژی مامۆستا بەرابەرە لەگەڵ ئەوەڵی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار و زۆربەی دایک و باوکانی خوێندکاران ئێمە کرێکاران و زەحمەتکێشانین و داخوازی مامۆستایان لەوانە پەروەردەی بەخۆڕایی و ستاندارد، بردنەسەرەوەی ئاستی مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، مافی کۆبوونەوە و ڕێکخستن و مافی چالاکی ئازادانە و ئازادی مامۆستایان و کرێکاران لەگەڵ هەموو توێژە کرێکارییەکان هاوبەشە، وێڕای پیرۆزبایی ئەوەڵی مانگی مەی لە کرێکاران، داوای لە دایک و باوکی خوێندکاران کرد کە بۆ وەدیهاتنی خواستەکانیان لە کۆبوونەوەکانی کرێکاران بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی بەشداری بکەن.“ ئەمساڵیش لە شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە بە هەڵوێستێکی هاوشێوە، ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی (ڕێکەوتی ١٢ی مانگی گوڵان) بکەنە دیمەنی ڕاستەقینەی یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی چینی کرێکار.

مامۆستایانی ئێران بە هەبوونی پێشینەی خەباتکارانە و تەداعی بوونەوەی خەباتیان لەگەڵ هێزە سێکۆلار و چەپەکان هەمیشە لە بواری پێگەی پیشەیی و سیاسییەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتە ژێر گوشاری بەرین و سەرکوتەوە. لە بارووودۆخی ئێستادا نزیکەی سێ لەسەر چواری مامۆستایانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری دان. لە پەنا ئەم ژمارەیە لە مامۆستایان، کۆمەڵێک سیخوڕ و ڕاهاتووی ڕانتخۆری حەوزەکان بوونیان هەیە کە ئەمانە بەرپرسی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی دژەکلتووری ڕژیم لە ناوەندەکانی فێرکردنن. ئەم گەڵاڵانە لەناو خودی وەزارەتی پەروەردە و بارهێناندا لەلایەن حەوزە و ناوەندەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی، دەزگاکانی سیخوڕی سپا، بەسیج و وەزارەتی ئیتلاعاتەوە ئامادە دەکرێن و بەرکردەوە دەردێن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی پتر لە چوار دەیە لە دەسەڵاتی خۆی بە دەخاڵەت دانی مەزهەب لە بابەتی پەروەردە و بارهێناندا هەوڵی داوە تا خوێندنگە و زانکۆکان بکاتە



ناوەندی بانگەشە و پەرەپێدانی جەهل و خورافەی ئایینی.

مامۆستایان سەرەڕای پاکتاوکران، بەدیلگیران و ئەشکەنجە و ئێعدامی مامۆستایانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ لەلایەن ڕژیمەوە بەتایبەت لە دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە بەرەو ئەملا خەباتی خۆیان دەست پێکردەوە. لەم ساڵانەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان، کەسایەتییەکانی وەک مامۆستای شۆڕشگێڕ و خەباتکار فەرزاد کەمانگەر، هاشم شەعبان نەژاد ”شاعیر و وێبڵاگنووس“، هادی ڕاشێدی ئێعدام کرد و چەندین مامۆستای تێکۆشەری دیکەی خستە زیندانەوە. بەڵام خەباتی مامۆستایان سەرەڕای گوشاری بەردەوام و ڕەشبگیری چالاکانیان، هەم لە بواری شێواز و هەم لە بواری درووشم و داخوازییەوە، بەشێوەی بابەتی لەو چوارچێوە بەرتەسکانەی کە هێندێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی لایەنگری

ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی پێناسەیان کردبوو، یەکجار واوەتر چووە و هەرچی زیاتر ناوەرۆکی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆوە گرتووە.

لەڕاستیدا دوای ئاخێزە سەرانسەرییەکانی بێبەشانی شار لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا کە بەناوی ڕەمزی ژیناوە دەستپێکرد، بزووتنەوەی داخوازیی مامۆستایانیش بەردەوام قووڵتر و بەرینتر بووەتەوە. ئەم ئاخێزانە بارودۆخی سیاسییان بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی داخوازیی کرێکاران و مامۆستایان و بێبەشان گۆڕی و خاڵی وەرچەرخان بوون لە پەرەپێدان و قووڵترکردنەوە و سیاسیترکردنەوەی ئەم بزووتنەوانە. لەم قۆناغەدا بەو دەلیلە کە نارازییان بەباشی لەوە گەیشتوون کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان لە ئاستی بەریندا بوونی نییە، نارەزایەتییەکانیان پانتایی سیاسی بەخۆی گرتووە و گشت ڕژیمی ئیسلامی دەبەنە ژێر پرسیارەوە. مامۆستایانی ئێران لە جەرگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بە بەرپاکردنی چەندین مانگرتن و نارەزایەتی سەرتاسەری وێڕای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی لێبڕاوانە بەرامبەر بە هێرشی ڕژیم بۆسەر ژنان و هێرشی کیمیایی بەکرێگیراوانی ڕژیم بۆسەر خوێندنگاکانی کچان، بە وتنی "نا"یەکی بەهێز بە شانۆی هەڵبژاردنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، زەرفیەت و تواناکانی خۆیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر کەشوهەوای سیاسیی کۆمەڵگا نیشان داوە. مامۆستایان پایەیەکی سەرەکی بوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازییە لانیکەمەکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە: ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، جیایی دین لە دەوڵەت، بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و بردنەسەری حەقدەست و مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی ڕێگریکردن لە خسووسی سازی و کاڵایی بوونی پەروەردە و دەرمانی بەخۆڕایی و هتد. پێشڕەویی خەباتی مامۆستایان بۆ داسەپاندنی داخوازییەکانیان و بۆ ئازادکردنی مامۆستایان و کرێکاران و گشت بەندکراوانی سیاسی، لەگرەوی یەکریزی و هاوپشتیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەگرەوی گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و سەرتاسەری کردنەوەی زیاتری ئەم نارەزایەتییانەدایە.

❋❋❋

# شێعر

## " بۆ پێشەوە "

بۆ پێشەوە
بۆ خیابان
وا ڕۆژی ئەوەڵی مەیە
بەرەو مەیدانی پڕ خرۆش
با بلەرزێ سەرتاپای شار
با ڕابچڵەکێ دڵی شار
وەرن
پۆل پۆل ئاڵا بە دەست
بە هەنگاوی پتەو وەرن
بومەلەرزە ئاسا وەرن
لە کارگاکان وەدەرکەون
داس و چەکوش بە دەست وەرن.
هۆ ئاڵای سوور
با بدرەوشێ سووریی گەشت.
هاوڕێیان
ئەمڕۆ ئەمانە بە کارما ن دێن
سروودێک لە گەڵ ئاڵایەک
بۆ پێشەوە
دەنگ هەڵێنە
بە سروودیک دەنگ هەڵێنە
کە لە دەریای دڵی هەموو کرێکاران هەڵقوڵێێ
ئاڵای سوورمان
با بە ئازادی و ورشەی بێ
ئاڵا و سروود پێکەوە بێ و
حوکمی سەرمایە بلەرزێ.
ڕێژەی خۆمانە با بڕۆین
با سەرتا پای شار بگەڕێین
ئەم ڕۆژە ڕۆژی سەنگەرێکە
خۆرەتاویش تۆپزێکە حەوای ئەدەین
مانگیش نارنجۆکی دەستی!
هاو زنجیران!
جارێکی تریش وەک سێڵاو
برژێنە دەر
بخرۆشێن وێنەی برووسکە
ناخی ئاسمان بلەرزێنن!
شەقامەکان پڕن لە میلیونها کەسی هاوزنجیر.
هاوڕێیان!
بۆ پێشەوە بەرەو مەیدان!

" ئالفرێد هایس ١٩٣٣
ڕێبوار کردویە بە کوردی "

❋❋❋

**پێشــــــــرەو**

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

tashkh@cpiran.org

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧